# نەورۆزی 1979 لەدایکبوونی رادیۆیەك دنیایی هەژاند

---

19/3/2020 11:07:00

چاپ کردن



41ساڵە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە

لەدامەزراندنی (ی.ن.ك) ەوە لەڕۆژی 1975/6/1، سەرکردایەتی شۆرشی نوێ، بیری لەدوو شتی گرنگ کردەوە لەبواری راگەیاندندا. یەکەم؛ دەرکردنی رۆژنامە. دووەم؛ دامەزراندنی ئێزگەیەك بۆ راگەیاندنو گەیاندنی پەیامەکانی دەنگی شۆرش.

بۆ ئەم مەبەستەش بەهۆی هەڤاڵان عادل مورادو عومەر شێخ موس لەسوید، لەڕێگای قاچاخچییەکی یوگسلاڤی، ئامێرێکی رادیۆییان دابینکرد، کەبریتیبوو لەدوو پارچە (ترانسمیتەر (18) کیلۆ)، (ئەمپلی ڤایەر (48) کیلۆ) بوون، تواناکەشی یەك کیلۆ واتی بوو. دوای ئەوەی لەلایەن ئەندازیار تەلعەت گلی ناسراو بەئاشتی، لەدیمەشق تاقیکرایەوە، لەدۆڵی (کۆستێ)ی سەر سنووری (عیراق، تورکیا، ئێران) رەوانەی باشووری کوردستان کرا.








**یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە، باوەڕی بەگرنگی ڕاگەیاندن هەبووە**

عادل موراد سکرتێری پێشووی ئەنجومەنی ناوەندی (ی. ن. ك) دەڵێت: یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان هەر لەسەرەتای دروستبونییەوە، باوەڕی بەگرنگی ڕاگەیاندن هەبووە، هەر لەو پێناوەشداو بەڕێنمایی هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی یەکێتی هەوڵێکی بێوچان درا بۆ دامەزراندنی ئێزگەیەك کە بەناو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە پەیامەکانی شۆڕش بگەیەنێتە گەلانی عیراق، لەساڵی 1976 پاش ئەوەی کە یەکەمین کۆمەکی داراییمان لەلیبیاوە پێگەیشت، بیرۆکەی کڕینی ئێزگەیەکمان لەلا دروستبوو، هەر بۆ ئەو مەبەستە ڕومکردە وڵاتی سویدو دوای کڕینی ئامێرەکەو گواستنەوەی بۆ سوریا، لەوێشەوە بۆ چیاکانی کوردستان لەلایەن هەڤاڵی سەرکردە شەهید مولازم سەید کەریم گوازرایەوە، پاشان بۆمان دەرکەوت کە ئەو ئامێرە (پەخشی بێتەل)ەو لەچیاکانی کوردستان کار ناکات.

**تەڵعەت گلی و ڕۆڵی لە دانانی ئێزگە**

ئەندازیار تەڵعەت گلی کە خاوەنی کۆمپانیای بەرهەمهێنانی کارەبا بوو لەکوەیت، ئەرکی کڕینی ئێزگەکەی پێسپێردراو توانی لەساڵی 1978 ئامێرەکانی ئەو ئێزگەیە بکڕێت و پاش گواستنەوەی بۆ دیمەشق، دکتۆر خدر مەعسوم تاقیکردنەوەی یەکەمی لەسەر ئەنجامداو دواتریش گواسترایەوە بۆ چیاکانی کوردستان و لەوێش ئەندازیار تەڵعەت گلی لەچیای (ناوزەند، شێنێ) لەقەڵادزێ ئێزگەکەی دامەزراند.

تەڵعەت گلی، کە ئەو کاتە (ئاشتی) ناو دەبێت، رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەکوەیتەوە هاتو، زەحمەتێکی زۆری بینیو ئێزگەکەی دامەزراند، ئەوەش مژدەیەکی گەورە بوو کە بەکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان درا.

پێشتر (ی. ن. ك)، لەڕێگەی بەریدی نێهنی ناو شارەکانەوە، خەڵك ئاگادارکرانەوە کە لە نەورۆز چاوەڕێ بکەن ئێزگەکە دەکرێتەوە، هەروەها ئاگادارمان بکەنەوە کە دەنگی ئێزگەکە دەگات یان نا، بەڵام ئێزگەکە توانی رۆڵێکی ئێجگار گەورە ببینێت.

ئێزگە هیوا بەخشەکەی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان ئێزگەی بەناوی (دەنگی شۆرشی عیراق لەچیاکانی کوردستان) بە دەستی پەخشکرد
لەمانگی (10)ی ساڵی (1976)، ئێزگەکە گەیەنرایە گوندی (نۆکان)ی سنووری (عیراق، ئێران) لەلایەن خوالێخۆشبوو دکتۆر عەزیز شەمزینی، کەئەوکات ماڵی لەدێیەکی نزیك شاری (شنۆ) بوو، موەلیدەیەکی کارەبایی شەش کیلۆ واتی کردە دیاری بۆ ئێزگەی شۆرشی نوێ.

لەڕۆژی 1979/3/21 بۆ یەکەمجار رادیۆی شۆرش بەناوی (ئێرە دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانە) بەدەنگی مەلا بەختیار دەستی بەپەخش کرد. پاش هەفتەیەك، ئێزگەکە بەم ناوە دەکرایەوە، ئەو هەفتەیەی کە ئێزگەکە کرایەوە، بەسەدان نامە لەشارەکانەوە دەهات بۆ سەرکردایەتی، پیرۆزبایی کراو، وەك ئەوە بوو کە کوردستان رزگار بوبێت، بەمژدەیەکی ئێجگار دڵخۆشکەرە بە کۆمەڵانی خەڵك راگەیەنرا.

دواتر لە یەکەم کۆبوونەوەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و التجمع الوگنی العراق، کەیەکێتی تێیدا ئەندام بوو، بڕیاردرا ناوی رادیۆکە لە(دەنگی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان)ەوە بگۆڕن بۆ (دەنگی شۆرشی عیراق). لەهەمان بەهاردا، بەهۆی بۆردومانی فڕۆکەکانی رژێمی عیراق، رادیۆ گواسترایەوە بۆ گوندی (توژەڵە)و رۆژانە یەك سەعات کاری دەکرد. ئێواران سەعات (4-5)، بەیانیان لەسەعات (7-8) دووبارە دەکرایەوە.




**سەرەتای پەخشەکەی**

سەرەتای پەخشی بەرنامەکانی بەمشێوەیە بوو؛ سروودی ئەی رەقیب. پاشان دەوترا ئێرە دەنگی شۆرشی عیراقە، دەنگی کۆمەڵانی خەڵکی عیراقە، دەنگی زوڵاڵی ئەو پێشمەرگانەیە، کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رابەرایەتیان ئەکا، بۆ رووخاندنی رژێمەکەی سەدامو هێنانەسەر کاری حوکمێکی ئیئتیلافی دیموکراتی بۆ عیراق، کەبتوانێ هەموو مافە رەواکانی گەلی کورد مسۆگەر بکات.

**بەرنامەکانی شاخ**

دواتر چەند ئایەتێك لەقورئانی پیرۆز، پاشان وتاری سیاسی رۆژانە، هەروەها هەواڵو چالاکییەکانی پێشمەرگە، کاروانی شەهیدان، بەرنامەی دێهاتە راگوێزراوەکان، بەرنامەی خوێندکاران، مامۆستایان، ژنان، ئەدەبو شۆرش، لەزیندانی فاشیستەکانەوە، مەسەلەی کورد لەرۆژنامەو رادیۆکانی جیهاندا، کاریکاتێر کاڵا بەقەد باڵا، هەموو ئەو بەرنامانە هەفتانە یان دوو هەفتە جارێك لەرادیۆکەوە پێشکەش دەکران.

**دابەشکردنی ماوەی پەخشی شاخ**

ماوەی بەرنامەی کوردی (45) خولەك بوو، (10) خولەك بۆ بەرنامەی شێوەزاری کرمانجی سەروو بوو، کە لەلایەن هۆشیار

عابدو یوسف زۆزانی دامەزرێنرابوو و سەرپەرشتیان دەکرد، (15) خولەکەکەی تر بۆ بەرنامەی بەشی عەرەبی بوو. لێپرسراوی راگەیاندن ئەوسا مامۆستا فازڵ کەریم – جەعفەر ئەندامی مەکتەبی سیاسی، سەرپەرشتی رادیۆکەی دەکرد. لێپرسراوی بەشی کوردی هەڤاڵ موحسین عەلی ئەکبەرو لێپرسراوی بەشی عەرەبی هەڤاڵ فەرید ئەسەسەرد بوون. بێژەری سۆرانی پشکۆ سەعید ناکام بوو.

**یەکەم چرکەساتی کردنەوەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان**

مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) وەك یەکەمین بێژەری ئێزگە دەڵێت:- بەشداربونم لە یەکەم چرکەساتی کردنەوەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان و کارکردن وەك یەکەم بێژەی ئەو ئێزگەیە، یەکێکە لە چرکەساتە هەرە خۆشەکانی ژیانم لە خەباتی سیاسیدا، چونکە خۆشییەکی زۆر تایبەتی پێ بەخشیم.

مەلا بەختیار، سەبارەت بە بەشداربونی لە یەکەم ساتی پەخشی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان، ئاماژە بە چۆنێتی خستنە کاری ئیزگەکە دەکات لە ساڵی 1979و، دەڵێت: ئەو کاتەی کە مایکرۆفۆنەکەم گرتە دەست زۆر بە حەماسەوەو بە قوڵایی بەرپرسیارێتی مێژووییەوە وام هەست دەکرد هەموو نەتەوەی کورد سەیرم دەکەنو بەو هەستەوە بۆ ماوەی نیو سەعات قسەم کرد.

مەلا بەختیار دەشلێت: هەرگیز ئەو چرکەساتانەم لەبیر ناچێتەوە، چونکە چرکەساتێکی مێژوویی بەو هەستم دەکرد شتێك لەدایك دەبێت جیاواز لە هەموو ئەوانەی پێشتر هەمانبوو.

راشیگەیاند: یەکەم ساتی کردنەوەی دەنگی گەلی کوردستان نەك مایەی شانازییە، بەڵکو یەکێکە لە چرکەساتە هەرە خۆشەکانی ژیانم لە خەباتی سیاسیدا، چونکە خۆشیەکی زۆر تایبەتی پێ بەخشیم، ئەو چرکەساتەش بوە شتێکی زۆر تازە بۆ شۆرش.



**ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، یەکەمین ئێزگەیە کە توانیوێتی ژن‌و پیاو پێکەوە بخاتەگەڕ**

مەلا بەختیار لێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) دەڵێت: یەکێك لەخەسڵەتەکانی کە کەمتر تیشکی خراوەتە سەر، ئەوەیە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، یەکەمین ئێزگەیە کە توانیوێتی ژن‌و پیاو پێکەوە بخاتەگەڕ. ئێزگەکانی شۆڕشەکانی پێشوتر، راپەڕینەکانی پێشوو، تەنانەت لایەنەکانی تریش کە لەو کاتەدا هەبوو، وەکو ئێزگەکەی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان نەبوو. ئەوەندەی لەبیرمبێ سێ بێژەری ژنمان هەبوو، ئەوانیش (نەرمین، دڵگیر، فریشتەی شێخ عومەر). کە ئەمانە بە بەردەوامی بێژەرو بون‌و کاریان دەکرد. بۆ خۆم ئەوەندەم لەبیرەو ئەگەر کەسێکی ترم لەبیر نەبێ، داوای لێبوردن دەکەمو ئەمەش یەکێکە لەخەسڵەتەکانی.

**كە ئێزگە كرایەوە (ی. ن. ك) بێتەلی نەبوو**

مەلا بەختیارلێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) دەڵێت خەسڵەتی دووەمی ئەوەیە، کە لەدەستپێکردنی ئەم شۆڕشەدا، لە نەورۆزی (1979)دا ئێزگەکە کرایەوە، ئەو کاتە لەسەرانسەری کوردستاندا یەکێتیی بێتەلی نەبوو. هەموو تیپەکان، مەفرەزەو کەرتەکان، سەربەخۆ بوون‌و پەیوەندییەکانیان لەڕێگەی تەتەرەکانەوە بوو. کە ئەوپەیوەندییەش دواکەوتوترین جۆری پەیوەندی بوو لەنێوان هێزەکانی یەکێتییو سەرکردایەتیو مەکتەبی عەسکەری

یەکێتیدا. کە ئەوپەیوەندییەش هی سەدەکانی ناوەڕاست بوو. لەکاتێکدا دەشتوانم بڵێك لەسەدەکانی ناوەڕاستدا سودیان لەکۆترو ئاوێنەو تیشکی هەتاو بینیوە بۆ گەیادنی هەواڵ. بەڵام یەکێتیی هیچ لەوانەمان نەبوو، تەنها تەتەرەکانمان هەبوو، کە بەڕاستی ئەو تەتەرانە قارەمانترین‌و بەئەمەکترین تێکۆشەری پێکەوەبەستنی هەواڵەکان، تیپەکان‌و خزمەتێکی ئێجگار زۆری یەکێتیی و هێزی پێشمەرگەو بەدیهێنانی مەرکەزییەتی سکرتێری گشتی‌و فەرماندەی هێزی پێشمەرگەو مەکتەبی عەسکەریان کرد لەناو تیپەکان‌و مەفرەزەکانماندا. ئێزگە کە پەیدابوو ئەم بۆشاییەشی بۆ یەکێتیی پڕ کردەوە. دوای ماوەیەکی زۆر نهێنی بۆ تیپەکان دانراو بەتەنها سەرتیپەکان‌و لێپرسراوی لقەکان نهێنییەکان‌و جفرەکانیان لەلابوو، کە ئەوکاتە لق هەبوو. هەموو هەفتەیەك جارێك دووجارو لەکاتی پێویستیشدا هەموو رۆژێکیش بەنهێنی بروسکەیان بۆ لێدەدراو دەستبەجێ دەیانزانی لەسەرکردایەتی‌و لەمەکتەبی سیاسی، جەنابی مام جەلال یان مەکتەبی عەسکەری چیان دەوێت‌و چۆن جوڵە بکەن. پێشئەوە ئەگەر بمانویستایە، هێزێك کۆبکەینەوە لەجێگەیەك، بۆ شەڕێکی گەورە، یا سەرکردایەتی بکەوێتە بەر مەترسی، وەکو چەند جارێك کەوتە بەر مەترسی داگیرکردن، کە هەم لەشەڕی ناوخۆ و هەم لەشەڕی حکومەت کەوتە بەر مەترسی داگیرکردن. هەتا ساڵی (1982) سەرکردایەتی بەهیچ شێوەیەك داگیرنەکراو چەند جارێکیش پەلامار دراو لەپەلامارەکانیشدا، هەم دوژمنمان تێکشکاندو هەم هێزەکانی ناوخۆمان تێکشاند، کە دەیانویست ئەو سیمبولە، ئەو پێگەیە، کە پێگەیەکی ئێجگار جوانی لەویژدانی گەلەکەماندا هەبوو، داگیربکرێ. ئێزگە لەمبارەشەوە، ئەگەر لەرابردوودا بەهۆی تەتەرەوەو بەدوو هەفتە هێزمان کۆدەکردەوە، بۆ هەر شوێنێك مەترسی لەسەر بوایە لەسەرکردایەتی، ئێزگە لەم بوارەشەوە توانی بۆشاییەکی گەورە پڕ بکاتەوەو جاری وا هەبوو بە(24) سەعات هێز دەگەیشتە لامان، بەتایبەتی هێزی دۆڵی جافایەتی‌و هێزی تیپی (21)و هێزەکانی تر کە نزیك بوون لەسەرکردایەتی. هەروەها هێزی شارباژێر کە ئەوکاتە، ئەوپەڕەکەی بە(48) سەعات، یا بە(72) سەعات دەگەیشتنە ناوچەکە. قەرەداغ بەچوار رۆژو گەرمیان بەپێنج رۆژو خۆشناوەتی بە چوار پێنج رۆژ دەگەیشتن. کە ئەمەش ماوەیەکی پێوانەیی بوو بۆ گەیاندنی هێزی پێشمەرگە، ئەمەش دووەمین کاری گەورەی ئێزگەکە بوو کە بۆ یەکێتیی کرد.

( لەکۆنفرانسی سێی کۆمەڵە 1984) دا دەنگی شۆرشی عیراق گۆرا بۆ دەنگی گەلی کوردستان ساڵی (1980) لەسەر داوای سەرکردایەتی شۆرش ئەرسەلان بایز لەدۆڵی سماقوڵی گواسترایەوە بۆ سەرکردایەتی‌و کرایە لێپرسراوی رادیۆ، پاشان لە( کۆنفرانسی سێی کۆمەڵە 1984) دا دەنگی شۆرشی عیراق گۆرا بۆ دەنگی گەلی کوردستان و سرووودی ئەی رەقیب گۆردرا بە مارش‌و سرووودی مەشخەڵان، کە لەهۆنراوەی شاعیری گەورەی گەلەکەمان مامۆستا شێرکۆ بێکەسی نەمرو لەئاوازی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی بوو.

لەسەردەمی شۆرشدا ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان، وەك مەفرەزەکانی پێشمەرگە لەیەك شوێندا نەسرەوت، بەڵکو چەند جارێك جێگۆرکێی کردو لەم شوێنانەوە بەخشی کرد(نۆکان، توژەڵە، گردی مامەولا، زەڵێ، باوزێ، بەرگەڵو، دۆڵوکۆگە،سەقز، گەڵاڵە، چوارتا، سلێمانی).



دوای نۆکان، ئێزگە چووەتە مامەوڵاو پاشان توژەڵە تا 1983 هەر لە توژەڵە بووە، دواتر بەهۆی بوونی مەترسی بۆ سەر بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەئیزگەشەوە، گوێزرایەوە بۆ "سەرشیوی باوزێ"و دوای چەند مانگێك گوازراوەتەوە "بەرگەڵو"، تا ئەنفالەکان پاش ئەنفالەکان دۆڵوکۆگە ودواترهەردوو ئیزگەکە لە بەفری میری پشت هەڵەبجە دانراوە دواتر لە شاری سەقز بووە تا راپەرین.

پێش راپەرین رادیۆ بووە دوو رادیۆ 41 مەتریو 75 مەتر، پاش شکستی راپەرین، رادیۆ بۆ ماوەی یەك رۆژ لە ئەزمەر جێگیر بوو دواتر چووەتە ماوەت، بەشێکیشی گەڕایەوە سەقز.

لەگەرمە گەرمی راپەرین رادیۆ گوێزراوەتەوە بۆ رانیەو پاشان سلێمانیو دوای کۆڕەو چووەتە ئەزمەرو ماوەتو جارێکی دی بۆ شاری سەقز، دواتر هێنراوەتەوە بۆ قەسرێو پاشان گەڵاڵەو، لە 1993 ـەوە دیسانەوە گوازراوەتەوە بۆ سلێمانی لە 1996 ـەوە تا ساڵی 2012 لە چوارتا ماوەتەوەو، ئێستاش لە شاری سلێمانی جێگیرکراوە.

**ئێزگە نیوەی شۆرشی نوێی (ی. ن. ك) بوو**

بەرزان شێخ عوسمان پێشمەرگەو کادیری دێرینی راگەیاندن و بەرێوبەری پێشووی ئێزگەی سلێمانی لەسەر رۆڵی ئێزگە

له هەموو قۆناغەكاندا بە **PUKmedia** ی راگەیاند: هەرلەسەرەتای دامەزراندنییەوە ئیزگە توانی پەیوەندیەكی بە هیز لەگەڵ جەماوەری گەلەكەمان دا دروست بكات، چونكە ئێزگە خۆی بۆخۆی دەتوانین بڵین نیوەی شۆرشی نوێ بوو، هەروەها توانی پەیامەكانی (ی. ن. ك) لەشاخ زۆربەباشی بگەیەنێتە جەماوەر، بەرزان شێخ عوسمان بەچەند خاڵێك گرنگی ئیزگە دەخاتەڕوو .

1- ئێزگە هەرلەسەرەتاوە توانی پەیوەندیەكی بەهێزلەنێوان شۆرش و پێشمەرگە لەلایەك و كۆمەلانی خەڵكی كوردستان لەلایەكی تروە دروست بكات،چونكە هەموو ئێوارەیەك خێزانەكانی لەدەوری رادێۆ كۆدەكردەوە تاوەكو بزانن چالاكییەكانی رۆژانە پێشمەرگە چی بووە، یەكێتی نیشتیمانی كوردستان چی پەیامێكی هەیە بۆكۆمەڵانی خەڵكی كوردستان .

2-ئێزگەی دەنگی گەلی كوردستان بەشێكی تایبەتی هەبوو بەزمانی عەرەبی كەبەرنامەكانی بەوزمانە پێشكەش دەكرد ،ئامانجیش لەمە بۆرونكردنەوەی بەرنامەی شۆرشی نوێ و داواكاریەكانی گەلی كوردستان بوو،كەخۆی لەمافی چارەی خۆنوسین بۆگەلی كوردستان و دیموكراسی بۆعێراق دەبنییەوە ،ئەم بەشە بۆخۆی گرنگی زۆری هەبوو توانیبوی گوێگری باش لەدەوری خۆی كۆبكاتەوە .

3- ئێزگە توانی پەیامەكانی شۆرشی نوێ و (ی.ن.ك) بۆ كۆمەڵانی خەڵك ڕوونبكاتەوە بیان بڵێت بۆشۆرش بەرپاكراوەتەوە مافەدیموكراسیەكانی ئیوەچین
4-ئێزگە توانی هەمووچالاكییە سیاسی و رۆشنبیریەكان ئەوانەی،كەلەناوچە ئازادكراوەكانی ژێردەستی هێزی پێشمەرگەی كوردستان سازدەكرا، بگەیەنێتە گوێگرانی ورۆڵی زۆرگرنگی گێرا لە بلاوكردنەوەی ئەو كتێب ونامیلكەو بلاوكراوانەی كەلەشاخ لەلایەن (ی. ن.ك) دەردەكرا .

5- ئێزگە رۆڵی گرنگی هەبوو لە ئاشتبوونەوەی نیشتیمانی كە (ی. ن. ك) بەرابەرایەتی مام جەلال دەستپێشخەری جدی بۆكرد،كەبەردەوام گرنگی پێدەداو ئێستاش ئەو پەیامانە لە ئەرشیفی ئیزگەدا ماوە .

6- لە راپەرین ئیزگە هیندە رۆڵی دیارە كەخۆی بۆخۆی دروست كەری راپەرین و هۆشیاركەرەوەی جەماوەروهێزی پێشمەرگەو ڕێخستنەكانی ناوشارەكان بوو ،ئیزگە لە رێگە گەیاندنی بروسكەو پەیامەكانی سەركردایەتی راپەرین بۆجەماوەر توانی جوڵەی راپەرین بەهیزترو خیراتربكات .

ئیزگە دوای راپەرین و لەهەموو قۆناغەكانی تەمەنی (ی.ن.ك) دوای راپەرین رۆڵی گرنگ و گەورەی گێرا بەتایبەت لە پرۆسەی ئازادی عیراق بەئێستاشەوە هەمیشە جێگە گرنگی دانی گوێگرەكانی بووە.

**ئێزگە لەناو خەڵكدا رۆڵێكی گەورەی دەبینی بۆ هۆشیاركردنەوەی خەڵك**
مەلا بەختیار دەڵێت :-سێهەمین خەسڵەتیشی ئەوەبوو، كە ئێزگە لەناو خەڵكدا رۆڵێكی گەورەی دەبینی بۆ هۆشیاركردنەوەی خەڵك، بۆ زانینی سیاسەتی یەكێتیی نیشتمانیی كوردستانو دەتوان بڵێم، بەدڵنیاییەوە رێكخستنەكانی یەكێتییو رێبازی ئایدۆلۆجیو فەلسەفی یەكێتی، بونی جەنابی مام جەلالو سەركردایەتیو مقاوەمەتی یەكێتیی، چەند كاریگەری هەبوو بۆ هۆشیاركردنەوی خەڵك، ئێزگەكەش لەڕووی راگەیاندنەوە كەمتر لەو توانایانەی یەكێتیی نیشتمانیی، كاریگەر نەبوو بۆ ئەوەی خەڵك هۆشیار بكاتەوە، بە بەردەوامی یەكێتیی نیشتمانیی

کوردستان، کاریگەرترین هێزبیّو پێشمەرگەی یەکێتیی، بەدرێژایی شۆرشی نویّ، زۆرترین پێشمەرگەی هەبووە. واتا هیچ هێزێك لەکوردستاندا هێندەی یەکێتیی، پێشمەرگەی نەبووەو یەکێکیش لەهۆکارەکانی هۆشیارکردنەوەی خەڵك، کە خەڵکی بە بەردەوامیو پۆل پۆل دەهاتنە دەرەوە، ئێزگەکەمان بوو. رەنگە یەکێکیش لەهۆیە گرنگەکانی تر ئەوەبوو، یەکێتیی زیاتر لەهەموو هێزەکانی تر، توانی ناوچەی ئازاد کراو بپارێزیّ. زۆرترین ناوچەی ئازادکراوی کوردستان لەسیّ پارێزگا، پارێزگای هەولێر، کەرکوك، سلێمانیو هەتا دەگاتە دەوروبەری گەرمیانو خانەقینیش، زۆرترین ناوچەی ئازادکراو لەژێر دەستی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستاندا بوو ئەوکاتە. هەر بۆیە دوژمن رقێکی زۆری لەیەکێتیی بوو، هەموو رقە فاشتیەکانی خۆیشی لەناوچەکانی یەکێتیی دەرشت، چونکە یەکێتیی توانای مانۆرو جوڵەی هەبوو. توانای بۆسەدانانو ناوچەی فراوانی لێدانی هەبوو. توانای هەڵمەتو هەڵەی هەبوو. توانای گورز وەشاندنی زۆری هەبوو. ئەو جوڵە بەهێزەی یەکێتیی هەیبوو، کە ئێستا ئەفسەرە گەورەکانی حکومەت عیراق، یاداشتەکانی خۆیان دەنوسنەوە، ئەگەرچی کاتی ئەوەنییە هەموو ئەم بیرەوەریانە باس بکەم، بەڵام ئەفسەرە گەورەکانی حکومەتی ئەوکاتی عیراق، کاتێك باسی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانو ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر دەسەڵاتی یەکێتیی دەکەن، مرۆڤ سەری سور دەمێنیّ حکومەتی عیراقی بەچ جۆرێك سەیری هێزی پێشمەرگەو جەزرەبەکانی هێزی پێشمەگەری کوردستانیان کردووەو لەژوورە داخراوەکانی قیادەی ئەرکانی سوپای عیراقو ئیستیخباراتی عیراقیدا، بەچ دیدێکی ترسەوە سەیری یەکێتیان کردووە، کە یەکێتی چی لەحکومەتی عیراق کردووە. لەکاتێکدا ئەگەر هێزی یەکێتیی بەراورد بکەیت، بەهێزەکانی تر، ئەوەی لەسەر یەکێتیی وتراوە، دە بەرامبەر ئەوەیە کە بەرامبەر بە لایەنەکانی تر وتراوە. لەشوێنی تر پەنجا بەرامبەر لایەنەکانی ترە، کە وتراوە. بۆیە ئەم هۆشیارکردنەوەیە پرسێکی ئێجگار گرنگ بوو لەمێژووی ئەم ئێزگەیە، کە بەڕاستی رۆڵێکی گەورەی هەبووەو بە بەردەوامی لەکاتێکدا کە یەکێتیی توشی شکستیش هات، هەر لەشکستی هەکارییەوە بیگرە، هەتا دەگاتە شکستەکانی تر، ئێزگە رۆڵێکی گەورەی هەبوو، کە بتوانیّ دەستوبرد ئەو بۆشاییە پر بکاتەوە.

باشم لەبیرە، کە کارەساتی هەکاریمان بەسەردا هات، هەم نامەی جەنابی مام جەلال-م پێگەیشت، کە ئەوکاتە تاقە ئەندامی سەرکردایەتی بووم، لەناوچەکندا مابوومەوە، چونکە ئەندامانی تری سەرکردایەتی یا لەکارەساتی هەکاری گیرابوونو یا شەهید کرابوونو ئاگاشمان لێیان نەبوو، ئەوانی تریش لەقەندیل لەدەوروبەری مام جەلال بوونو هەندێکیش لەو هەڤالانە لەدۆڵی خواکورکو خڕی نێوزەنگو شێنیّو ناوچەکانی تر بوون. لەبیرمە کە ئەوکاتەی کارەساتی هەکاری بەسەر یەکێتیدا هاتو نامەکەم بۆ هات، لەسەرانسەری کوردستاندا (29) مەفرە مابوونەوە، کە بتوانێت کارەکانی راپەڕێنیّ. ئێزگە لەو کاتەدا رۆڵێکی گەورەی بینی بۆ ئەوەی لەدوای کارەساتی هەکاری، لەدوای هەڵدێری هەکاری، بتوانین هەڵبستینەوە.

**یادگارییە تاڵو شیرینەکانی ئێزگە**

مێژووی رادیۆکەش وەك شۆرشەکە بە گشتی پرە لە رووداوو یادگاری تاڵو شیرین. یەکێك لە رووداوەکانی مێژووی کاری دەنگی گەلی کوردستان، ئەوەیە کە رادیۆکە پێنج رۆژ میوانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بوو، ئەمەش بۆ ئەوەی رادیۆکە کارەکانیو پەخشەکەی نەوەستێت. چەند کەسێك لەوانەی لەو رۆژگارەدا کاروباری رادیۆکەیان هەڵدەسوراند ئەو باسە بۆ خوێنەرانی کوردستانی نویّ دەگێرنەوە.

**بارەگای ئێزگە لەبەرگەڵو بوو**

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمان کوردستان، بەم شێوەیە باسی کارو پێکهاتەی ئەوسای ئێزگە دەکاتو دەڵێت: ئێمە دوو دەزگای پەخشمان هەبوو یەکێکیان کارمان پێدەکردوو ئەوی تریشیان وەك یەدەك دانرابوو،

هەردوکیشیان لەبەرگەڵو بوون، چەند ساڵێك بەو شێوەیە کارمان دەکرد تا ئەو کاتەی شەڕی ئیران‌و عیراق بەرەو سەختی دەڕۆشت‌و چەکی کیمیاوی تێدا بەکار هات‌و فڕۆکەکان بەچڕی بۆردومانی ناوچە ئازادکراوەکانی ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەیان دەرکرد، هەستمان کرد رەوتی رووداوەکان زۆر بەرەو دژوارتری دەڕۆیشت، بۆیە بیرمان لەوە کردەوە تا کۆتایی ئەو بارودۆخە ئێزگە ناتوانێت لەبەرگەڵوی دۆڵی جافەتی بمێنێتەوە، بەهۆی ئەوەوە بڕیاردرا بارەگایەکی پارێزراومان هەبێت، ئەگەر ئێزگە سەرەکییەکە لەکارکەوت بتوانیین ئەو ئێزگە یەدەکە بەکار بهێنیین‌و خەڵکی کوردستان لەچالاکییەکانی هیزەکانی پێشمەرگە دانەبڕێت.










ئەسەسەرد دەڵێ: ئەمە جێ بەجێ کرا، پاش تاوتوێکردنی بابەتەکە بڕیادرا بارەگایەکی پشتەوەمان هەبێت لەدۆڵە کۆگە، ستافێکمان نارد بۆ دۆڵە کۆگەو شوێنەکەیان هەڵبژاردو دەستیان کرد بەدروستکردنی چەند خانویەك بۆ ئەوەی پێشمەرگەکان بچنە ئەوێ‌و پاش تەواوبوونی خانووەکان یەکێك لەدەزگاکانمان نارده ئەوی لەگەڵ برادەرێکی تەکنیکیدا، وامان دانابوو بە بەردەوامی ستافێکی کاملی یەدەك لەدۆڵە کۆگە بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر ناوچەکە کەوتە ژێر بۆردومانی فڕۆکە یان پێشرەوی هێزەکانی عیراق، ئەوا ئەو رادیۆیە بخرێتە گەڕ، کارەکانمان دابەشکردبوو بەشێکمان لەکاردابووین لەبەرگەڵو، بەشەکەی ترمان لەئامادەباشیدا بوون، کارەکان بەو جۆرە دابەشکرابوو کە شەفتەکەی دۆڵە کۆگە ئەندازیارێکی تەکنیکی‌و نوسەرو بێژەرێکی عەرەبی‌و کوردی لەوێ بن.

فەرید ئەسەسەرد، کە هەموو تەمەنی پێشمەرگایەتی لە راگەیاندنی یەکێتی لە شاخ بەسەر بردووەو هەمیشە یەکێك بووە لە کەسە سەرەکییەکانی راگەیاندن،باس لەوە دەکات ئەو ئێزگەیەی دۆڵەکۆگە مایەوەو تا بڕیار درا کە شوێنێکی گونجاو بدۆزرێتەوە لەناوچەی هەڵەبجە بۆ دەزگای راگەیاندن، شوێنێکییان دیاریکرد لەناوچەی هەڵەبجە، دواتر کە شوێنەکە ئامادەکرا، دەبووایە ئێزگە بگواسترایەتەوەو گواستنەوەکەش چەند رۆژێکی پێدەچوو، ئێزگەش دەبووایە تێستی بۆ بکرێت‌و دەشبوو لەدۆڵە کۆگەوە بەوڵاخ تا سەردەشت بڕۆین‌و پاشان بە لۆری پرۆشتینایە تا پاوەو لەویشەوە دووبارە بۆ هەڵەبجە. ئەمەش هەم ئەرکێکی قورس بوو، هەم بەهۆی ئەوەی تەنیا یەك ئێزگە مابوو، گواستنەوەکەی دەبووە مایەی وەستانی پەخشەکەی بۆ ماوەی چەند رۆژێك لە گواستنەوەیەوە تاکو بەکارخستنەوەی.

ئەو دەڵێت: هەڤاڵ ئەرسەلان بایز، هاتە لامان‌و وتی: ئامادەکاری بکەن بۆ گواستنەوەی رادیۆکە، ئێمە دیسان بیرمان لەوە کردەوە کە چۆن ئێزگە لەکارکردن نەوەستێت، کاك ئەرسەلان لێپرسراوی مەکتەبی راگەیاندن بوو من ئەندامی مەکتەبی راگەیاندن‌و لێپرسراوی بۆردی ئێزگە بووم، من پێشنیازمکرد کە بۆ ئەوەی ئێزگە لەکارنەکەوێت قسە لەگەڵ برادەرانی حزبی سۆسیالستی کوردستان بکات. ئەو کاتە بارەگای سۆسیالیست لەگوندی کاولان بوو ئەگەر رەزامەندی نیشان بدەن بۆ ماوەی چەند رۆژێك ئێزگەی ئەوان بەکار دەهێنیین،ئەو کاتە ئێزگە کوردییەکان لەیەك کاتدا پەخشییان نەدەکرد بۆ نمونە ئەگەر ئێمە سەعات 5 بۆ6 ئەوان 6 بۆ 7 کاریان دەکرد لەبەر ئەوە دەرفەت هەبوو، ئێمە شتەکانمان پێچاییەوەو کاك ئەرسەلان بروسکەی بۆ کردین وتی من قسەم لەگەڵ برادەرانی سۆسیالست کردووەو فڵان رۆژ چاوەڕێتانن بچن بۆ کاولان.

**میواندارییەکی باش**

فەرید ئەسەسەرد، درێژە بە گێرانەوەی بەسەرهاتی گواستنەوەی ئێزگە دەدات‌و دەڵێ: ستافێکم جیاکردەوە بۆ ئەوەی لەوێ کارەکانمان بکەین. ستافەکە بریتی بوو لەبەندە کە وتارم دەنوسی، بێژەری کوردی فەرهاد سەنگاوی بوو، بێژەرو نوسەری عەرەبی ئازاد چالاك بوو، کاك پشتیوان ئەندازیاری تەکنیکی بوو، کاك خالید دۆسکی بێژەرو نوسەری بادینی بوو. کە ئێمە رۆشتین پێنچ کەس بووین، چوینە ئەوێ خوالێخۆشبوو رەسوڵ مامەند، سکرتیری حیزبی سۆسیالیست بوو، خۆی پێشوازی کردین، د. مەحمود عوسمان‌و سەرجەم کادرەکان میوانداریەکی زۆر باشییان کردین. دەستمان بەکارەکانمان کردو لەسەر ئەو شەپۆلەی کەهەمانبوو لەستۆدیۆکەی ئەوان‌و دەزگای پەخشەکەی ئەوانیشمان بەکار هێنا، ئەو گیانی تەبایی‌و هاوکارییە زۆر خۆشبوو بۆ ئێمە، پاش تەواوبوونی کارەکانی رادیۆ لەهەڵەبجە برادەرانی خۆمان بروسکەیان بو برادەرانی حزبی سوسیالیست کرد کە سبەینی پەخش نەکرێت، رادیۆ تازەکە دەکەوێتە گەڕو ئەو رۆژە کە ئەرکەکەمان تەواو بوو چوین بۆ سەقز، برادەرانی چاپخانە لەسەقز مانەوە برادەرانی تریش چون بۆ بارەگای ئێزگە بۆ هەڵەبجە.

له وەڵامی پرسیاری هۆکاری هەڵبژاردنی حیزبی سۆسیالیستو رادیۆکەی ئەوان، لەناو هەموو حیزبو رادیۆکانی دیکەدا،فەرید ئەسەسەرد بەمجۆرە وەڵامی دەداتەوە: یەکێك لەهۆکارەکان ئەوە بوو کە نزیکترین ئێزگە بوو لە ئێمەوەو 2 سەعات لە دۆڵەکۆگەوە دوور بوو، ئەوانی تر زۆر دوور بوون، هی ئەوە نەبوون بچین بۆ لایان، دووەمیان برادەرانی سۆسیالیست لەبنەڕەتدا بەشێکی یەکێتیی بوون ئەو پەیوەندییە دێرینە دەرفەتێکی وای پێکهێنابوو کە بتوانین داوای شتێکی وایان لێبکەین، ڕەنگە ئەو داوایەمان لەحزبێکی تر بکردایە رازی نەبوونایە، هەروەها حزبی سۆسیالیست یەکەم حزب بوو لەناوبەرەی جوود پێش بەرەی کوردستانی ئێمە لەگەڵیاندا ئاشت بووینەوەو پرۆتۆکۆلێکی ئاشتیمان لەگەڵ حزبی سۆسیالیست لەساڵی 1986 واژۆ کردبوو لەدۆڵی جافەتی، ئەو کات وەفدێکی حزبی سۆسیالیست، هاتنە بەرگەڵوو پێکهاتبوو لە قادر جەباری، محمد شاکەلیو حەمە رەحیم ناسراو بە خاڵە حاجی، لەئێمەش دکتۆر فوئاد مەعسوم، مامۆستا نازم عومەرو فەرەیدون عەبدولقادر لەگەڵیان دانیشتنو پرۆتۆکۆلەکەیان واژۆ کرد ئەمە سەرەتای ئاشتبوونەوەی لایەنەکانی بەرەی جوودو یەکێتیی نیشتمانی کوردستان بوو ئاشتبوونەوەکەش پاشان گەیشتە رادەیەکی فراوانو لەسەر پێشنیاری یەکێتیی بەناوی بەرەی کوردستانیەوە واتە ئاشت بوونەوەی یەکێتییو سۆسیالیست بوو بە بنەما بۆ پێك هێنانی بەرەی کوردستانی لەو کاتەدا.

دەشڵێت: پەیوەندیمان لەگەڵ سۆسیالیست باشبوو، سۆسیالیست دوو رۆڵی زۆر گەورەیان هەبوو یەکیان ئەوە بوو سۆسیالیست رێگەیان خۆشکرد بۆ ئاشتبوونەوەی یەکێتییو ئێران، کە تا ساڵی 1985 پەیوەندیمان لەگەڵ ئیران باش نەبوو، لەو ساڵەدا تاك لایەنە سۆسیالیست بەتایبەت سلێمانی قەساب هەوڵی ئەو ئاشتبوونەوەیان داو سەری گرت، ئاشبوونەوەکە وایلێهات لەگەڵ سوپای ئێران بەرەی هاوبەشمان هەبوو. یەکێك لەو شەڕانە موشەك بارانکردنی دامو دەزگا نەوتیەکانی کەرکوك بوو کە دەنگدانەوەی جیهانی هەبوو، بۆیە بناغەی چاککردنەوەی پەیوندیمان لەگەڵ ئێران سۆسیالیست بوو، دووەم: ئاشتبوونەوەی ئێمەو سۆسیالیست رێگەی خۆشکرد بۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵ لایەنەکانی تری ناو بەرەی جوود ئەو ئاشبوونەوەیەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ بەرەی کوردستانی .

**پێشمەرگەی یەکێتیی زۆر خۆشەویست بوو**

لەو سەرمەداو لەو ساڵانەدا پێشمەرگەکانی یەکێتیی،بەهۆی جەربەزەییو ئازاییو تۆمارکردنی چەندین داستانی گەورەو نەبەردیی خۆشەویستترین پێمەرگەبوون لای خەڵکی کوردستان. وەك سەنگاوی دەڵێت: ئەو کاتە یەکێتیی هەیبەتو ناوێکی وای هەبوو هەر پێشمەرگەیەکمان لەشوێنێکەوە دەرکەوتایە بیانوتایە ئەوە یەکێتیبە خەڵك دەهات بۆ پێشوازی ،حەزیان دەکرد لەباوەشی بگرن، ئەوەم لەبیرناچێ کاتێك هێزەکانی ئێمە بۆ پشتیوانی کۆمەڵەو دیموکرات رۆشتبوون بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان 40 شەهیدمان لەدەشتەکانی موکریان ناشتو لەناو بەفر شەڕی دەستەویەخە دروستبوو، بوو شەش پێشمەرگەمان لەناو بەفردا قاچی بڕایەوە، لەوشەڕەدا دەستەیەك لەپێشمەرگەکانی گەرمیان لەوێبوون،مامە ڕیشەو هیوا بارۆییو چەند پێشمەرگەیەکی تربوونو باڵایان بچوك بوو برادەرانی کوردستانی رۆژهەڵات باڵایان بەرزبوو کاتێ چووبوونە ئەوێ و لەدیهاتەکان دابەشبووبوون، خەڵکەکە ووتبوویان ئەو منداڵانە چین هاتون بۆ شەڕ، کاتێك شەڕ دەستیپێکردبوو هیوا بارۆیی گێرایەوە دوژمنەکان ئەوەندە نزیك بوون لێمانەوە نارنجۆکەکانمان خل دەکردەوە وەك بەرد بۆ ناو دۆژمن، دوای شەڕەکە خەڵککە وتبوویان وەڵڵا بابە ئەم باڵا کورتانە لەشەڕکردندا بەڵان، کاتێکیش چووینە لای برادەرانی سوسیالیست زۆر ئیعجابی ئێمە بوونو زۆر رێزیان لێگرتین ئەو 5 رۆژە وەك سەیران وابوو بۆ ئێمە.

 

تاکو ئێستاش کە ناوی فەرهاد سەنگاوی دەبرێت، خەڵك یەکسەر دەنگی گەلی کوردستانو رۆژگاری پڕ حەماسەتی شۆڕشگێرانەو چالاکی پێشمەرگانەیان بیردەکەوێتەوە، دەنگی پڕ حەماسی ئەو هەزاران گەنجی هاندا بچنە ناو ریزەکانی شۆڕشو ژیانی پێشمەرگایەتیو شەهید بوون لە پێناوی نەتەوەکەیاندا هەڵبژێرن. یەکێك لە نوکتەکانی رۆژگاری شۆڕشی نوێ لە شاخ بەو جۆرەیە کە گەنجێك دوای تەواوکردنی زانکۆ، بڕیار دەدات ببێتە پێشمەرگە، ئەو کە لە شار پەروەردە بووە، ئاشنای ژیانی لادێو ژینی سەختی پێشمەرگایەتی نەبووە، بۆیە هەست بە سەختی زۆر دەکات، شەوێکی زستان کە کەشوهەوا زۆر ساد دەبێو ئەوانیش بە پادە چەندین کیلۆمەتر رێگای شاخاوی دەبڕنو بەفرو هەورازی سەخت شەکەتو ماندوویان دەکات، پێشمەرگەکە لەبەرخۆیەوە دەکەوێتە جنێودان بە فەرهاد سەنگاوی، هاوڕێکەی پێی دەڵێ: فەرهاد دەناسی ، ئەو هەموو جنێوە لە نێوانتاندا هەیە؟
ئەویش دەڵێ : نە دەیناسمو نە چاویشم پێیکەوتووە.

هاوڕێکەی دەڵێ: ئەی ئەو هەموو جنێوە لە پای چیو بۆچی؟
پێشمەرگەکە دەڵێ: دەنگی فەرهاد پڕی کردبووم لە حەماسو گوڕو تین خواخوام بوو رۆژێك زووتر خوێندن تەواو بکەمو ببمە پێشمەرگە، ئاخر ئەگەر فەرهاد نەبوایە من ئێستا لێرە لە سەرمادا نەدەتەزیمو لەماڵەکەی خۆم لەبەر زۆپایەکی گەرمدا دەحەسامەوە.

هەرچەندە فەرهاد لە دوای راپەڕینەوە لە کاری راگەیاندن دوور کەوتووەتەوە، بەڵام هێشتا کۆرو دانیشتنەکانی پڕن لە یادەوەری تاڵو شیرینی سەردەمی کارکردنی لە دەنگی گەلی کوردستان. ئەو باس لەورەو خۆراگری پێشمەرگە دەکات لەو قۆناغەی ئەویش لە شاخ بووەو دەڵێ: وەك یەكێتی ئەو كاتە 5000هەزار کەس بووین، وەك ئەوە بوو 500 هەزار کەس بوویێتین. ئێمە لەو کورو ژنانە بووین هەریەکەمان بەرامبەر هەزار کەس بووین، وەك ئێستای پەکەکە ئێمە خاوەنی بیروباوەڕ بووین، هەموو کەسو کارمان لەبیر چووبۆوەو نەماندەزانی خۆشی ژیان چییە پارە،تامی خواردن، جلو بەرگ چییە، ئەو بیروباوەرە گەورەو رۆحە شۆڕشگێڕییە وایکردبوو هێزێکی گەورەمان هەبێ ئێستاش لەگەڵ ئەو برادەرانەماندا کە لەوێ بووین لێیان رادەبینم بەو 5 کەسەوە رادیۆیەك، تەلەفزیۆنێك بەرێوەبەرین، چونکە وەك خۆمان ماوینو سەرمان شۆڕ نەکردووە،مەسەلەکە بیروباوەڕو خۆنەویستی بوو، دوو شت لەشاخ بەلامەوە زۆر جوان بوو خۆنەویستی و بیروباوەڕ .

**گیرانەوەی چەند نوکتەیەك**

فەرهاد سەنگاوی هەندێك لە بەزمە خۆشەکانی ئەو رۆژگارانەی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بۆ خوێنەرانی کوردستانی نوێ دەگێڕێتەوە و دەڵێ: كاك زێرەڤان برادەری خۆمانە بە چڵکاو خۆری دەوت پاتەخۆر (پاتە، جۆرێك پێلاوە کە لە لاستیك دروست دەکرێت)، هێزی پێشمەرگە لە چالاکییەکدا و لەسەر رێگای سلێمانی - دووکان کابرایەکی جاشیان دەستگیر کردبوو. هێنابوویانە ئەم لاوە، جاشەکە وتبووی کاکە چیم لێدەکەن؟ پێشمەرگەکانیش وتبوویان سزایەکی مادیت دەدەینو ئازادت دەکەین، کابرا وتبووی سزاکە چەندە، پێشمەرگەکانیش وتبوویان 1000 دینارە، وتبووی کاکە 2000 هەزار دەدەمو فەرهادیش چیم پێ دەڵێ با بیڵی بەس کابرای بادینی پێم نەڵێ پاتەخۆر.

سەنگاوی بەسەرهاتێکی تریش دەگێڕێتەوەو دەڵێ: چالاکییەکی پێشمەرگە هەبوو، خۆم نووسیبووم کە دەڵێ ئەم جارەش بەفر گڕی گرت، هەندێك گەنج کۆبوونەوەو وتبویان باشە چۆن بەفر گڕ دەگرێ یەکیان وتبووی کاکە کە ئێزگە وتی بەفر گڕ دەگرێ دەیگری، گەنجێکییان چوو بوو هەندێك بەنزینی هێنابوو کردبووی بەسەر بەفرەکەداو ئاگرێکی پێوە نابوو وتبووی ئەوە نیە بەفر گری گرت.

کاك پشتیوان-یش جارێکییان وڵاخێکی پێ بوو بەباری ئێزگەوە کەوتبووە ناو کۆمەڵێك جاش، خەڵکی باشیان تیابوو کاك پشتیوان نەیزانی بوو کە ئەو چەکدارانە جاشن، هاتەوە وتی فەرهاد گیان وەڵڵا رزگارت کردم وتم بۆ کاك پشتیوان وتی: وەڵلا کەوتومە ناو جاشەکانەوە وتیان کاکە بۆ کوێ دەچی وتم کاکە ئەوە ئەشیبای ئێزگەیە، یەکێك لەو جاشانە وتبووی کاکە خۆ ئێمە جاشین منیش وتم کاکە ئەوە ئێزگەکەیە دەیبەم بۆ فەرهاد سەنگاوی جاشەکان وایان زانیبوو کە من فەرهاد سەنگاویم وتیان کاکە باشە برۆ با عەرەبەکان نەتبینن پشتیوان وتی بە بۆنەی تۆوە رزگارم بوو.

**جەژنتان پیرۆز**

گۆبەنگەکەی فەرهاد سەنگاوی و شڤان ئاکرەیی وایکرد لەجەژنی ڕەمەزاندا.مام جەلال پێمان بڵێ قوربان جەژنی قوربانتان پیرۆزبێت!!

شەهاب عوسمان پێشمەرگە وراگەیاندنکاری دێرین لەگێرانەوەی بەسەرهاتێکی ئیزگەدا دەڵێت گومانی تیانیە هەموو چرکەساتیکی ژیانی مام جەلال پڕە لەدەرسوبەندو سەرگوزوشتەی خۆش و ناخۆش وئەزمون و ..رێنمایی خەسڵەتی هزرو بیرو هەمیشە بەخشندەیی قوتابخانەکەی مام جەلال بووە..مام جەلال هەرسیاسەتمەدارو سەرکردەو ڕابەری شۆرش نەبووە،مام نوسەرو ڕۆژنامەنووس،پاریزەرو داکۆکیکار،ئەندازیاری ئاشتی و حیکمەتی تەوافوق

و ئاشتەوایی و نەخشەڕیگای دیموکراسی قسەخۆش و پرلەنوکتەی مانادارو قسەخۆش وەك دەڵێن هەموو گرێکوێرەکانی بەنوکتەیەك دەکردەوە..قسەو پەندەکانی،حیکمەت و تێروانینەکانی زۆرن..ئێستا جەژنی ڕەمەزانە هەرگیز ئەوجەژنی ڕەمەزانەم بیرناچێتەوە کەمامی مەزن مام جەلال پێی وتم جەژنی قوربانت پیرۆزبێت و ئەم بیرەوەریە وەك مەڵۆیەك دەخەمە سەر خەرمانی پرشکۆی مێژووی ئیستگەو ڕاگەیاندنی یەکێتی.

هاوینی ساڵی 1982 بارەگای هاوینەی دەزگای ڕاگەیاندن لەناو چەمەکەی توژەڵەدا بوو..کاك ئەرسەلان بەهۆی منداڵ بوونی خێزانەکەیەوە(پەخشانی شێخ جەلال) سەفەری کردبوو چووبووە تاران..بەشی سۆرانی ئیستگە من (شەهاب عوسمان) لەو کاتەدا ئامادەو سەرپەرشتیم دەکردو کاك یوسف زۆزانیش سەرپەرشتی بەشی عەرەبی دەکردو هاوکارەکانی ئەبوشەهابی عەرەب وئازاد چالاك بوون..لەبەشی بادینیشدا کەهوشیار عابد دەیخویندەوە کاك یوسف بەوتار بەشداری دەکردو فەرید ئەسەسەردیش بەوتاری عەرەبی لەبارەگای کاك نەوشیروانەوە بەشداری دەکردو ئەوسا هیشتا ڕاستەوخۆ نەهاتبووە ئیستگە..(گۆیندە) بێژەکانی ئەوسا فەرهاد سەنگاوی و پەیمان(فریشتە)و ئاراس ئیبراهیم بەشی سۆرانی و شڤان ئاکرەیی و زێرەڤانیش بەشی بادینی بوون..ئێمە ڕۆژانی هەموو جەژنێك بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانمان دەخستە سەعات 8 ی بەیانیان و پێشتر لەبەرنامەکانی ئێواراندا ڕیکلاممان بۆدەکرد کەئیستگە لەجەژندا بەیانیان دەکرێتەوە..عارفەی ئەوساڵە تادرەنگ چاوەڕێ بووین نەکرا بەجەژن من وتاری دەسپێکردنی ئیستگەم نوسیبوو واتە وتاری پیرۆزبایی..بیرم دێ لەوتارەکەدا( باسی کوانووی ساردەوەبووی پشکۆی ماڵان لەدووری کورە پێشمەرگەکانیان دەکەم و بەزمانێکی پر لەسۆزو عاتیفەوە نوسیبوم..ئێمەش حەزمان دەکرد ئێستا لەژێر سایەی نازی دایك و باوك و کەسوکارمانا جەژنمان بکردایە بەڵام مانایەك بۆ جەژن نەماوەتەوە هەربۆیە ئێمە مژدەتان دەدەینێ لەجەژنی ئازادی و ڕوخاندنی ڕژێم دا هەمموومان بەیەکەوە جەژن دەکەین)بەلام من لەم نوسینەدا نەم نوسیبوو جەژنی ڕەمەزان یان قوربانتان پیرۆز تەنیا نوسیبووم جەژنتان پیرۆز..وتارەکەم دا بەبەشی پەخش بۆ ئەوەی ئەگەر تا ١٢ ی شەو کرا بەجەژن ئەوا وتارەکە دابەزێ وئیستگەش بەیانی بکرێتەوە..ئیمە خەوتبووین کرابوو بەجەژن فەرهاد سەنگاوی و شڤان ئاکرەیی پێکەوە خەفەربوون تەرکیزیان لەسەر ئەوە نابێ کەجەژنی ڕەمەزانە یان قوربانە یەك بەیەکتری دەڵێن جەژنی چییە دودڵ دەبن و دەیکەن بەپێکەنین و فشقیات وەك دوایی خۆیان باسیانکرد..پێیان وابووە جەژنی قوربانە..!!بەیانی ئیستگە دەستی پێکردوو فەرهاد و دواتر شڤان وتارەکەی منیان خوێندەوەو لەپێشەکیدا وتیان جەماوەری بەشەرەفی کوردستان جەژنی قوربانتان پیرۆزبێت!!کەگوێمان لێی بوو زۆر ناخۆش بوو زانیمان دەقەومێ..لەڕەمەزاندا هەمیشە مام جەلال بەرۆژوو دەبوو کەدەشبوو بەجەژن بۆ پیرۆزبایی سەردانی هەموو مقەرەکانی دەکرد..لەتوژەڵە مقەڕی مام جەلال لەبناری شاخەکەدابوو لەسەرروو ڕاگەیاندنەوە واتە ئەم دیویی زنجیرەی هەڵشۆ کەواتە یەکەمین بارەگا کەمامڕووی تیدەکات ڕاگەیاندنە کاتێکمان زانی مام بەرەو ڕاگەیاندن هات خۆی لەپێشەوەو کاك نەوشیروان وخوالێخۆش بوو شازاد سائیب و د.کەمال خۆشناو،هەروەها جەمال ئاغا ،کاك سالار عەزیز،مەلا بەختیار،عەلی حەوێزو پێم وابی د.فوئاد مەعسومیش بوو بەکورتی هەموو مەکتەبی سیاسی و بەشیك لەسەرکردایەتی لەگەڵدا بوون..بەداوای لێبوردنەوەئەگەر یەکێکم بیرچوبێت من یەکەم کەس بووم کەبەرەورووی بۆپیشوازی رۆشتم و کاك(یوسف زۆزانی)یش لەولاتربوو بەزوویی هات بەپیشوازیانەوە مام هەر تەوقەی لەگەڵ کردم وتی (قوربان جەژنی قوربانت پیرۆزبێت!!)کەوای وت ئیتر زانیم دەقەومێ دانیشتن..لەخێمەکەدا ستافی ئیزگە هەرسێ ئەندازیارەکە (رەنج و ڕێبوارو پشتیوان)و چەند کادرێکیتر پێم وابی حەمە عوسمانی براشم یەکەمین پەیامنیری ئیستگە لەتیپی 47 ی پیرەمەگروون لەوێ بوو بۆ بەخێرهاتنیان هاتنە خێمەکە..مام پێوەی دیاربوو کەپەست وتورەیە..مام پرسیاری کردو فەرمووی ئیسلام چەند جەژنی هەیە ؟ وتمان قوربان دوان..وتی ئەم جەژنە جەژنی چییە ؟وتمان جەژنی ڕەمەزان..وتی ئەی بۆ لیتان بۆتە (قوربان)کێ نوسیویەتی ؟منیش خێرا وتم مامەگیان بەڵێ من نوسیومە بەلام من نەم نوسیوە جەژنی قوربان وتی کێ وایکردووە؟ کاك یوسف زۆزانی وتی موزیعەکان خەفەر بوون دەبێ لەوان بپرسین کەشەو

درەنگ کراوە بەجەژن ڕەنگە لێیان تیکچوبێ..فەرهادسەنگاوی و شڤان ئاکرەیی هێشتا هەڵنەستابوون چونکە دەرنگ خەوتبوون وتی بانگیان بکە..کەهاتن مام زۆر تورەبوو..کاك نەوشیروان لەوتوندتر بوو..پاشان مام جەلال وتی: ئێمە هەزار گۆبەندو پروپاگەندە بەدوامانەوەیە بۆئەوەی رێگە لەو پروپاگەندانە بگرین و خەڵکی بەکافر وشتی ترناومان نەبات و ئێمەیان بۆ هەزم بکرێ چەندین شیوازمان داهێنا تابتوانین بچینە ناو کۆمەڵگای خۆمانەوە ئەوەتا یەکێکمان ناوی مەلا بەختیارەو یەکێکی تر شێخ عەلی و نمونەی زۆری هێنایەوە وتی بەڵام ئەوەی ئێوە کردوتانە ئیهانەیە بۆمەشاعری کۆمەڵگەکەمان کەزۆرینەی ئیسلامە..فەرهادو شڤان دانیان پیانا کەهەلەیان کردووە..ئیدی منی لێدەرچووم..بەهەقەتیش هەروابوو..دواتر مام فەرمووی ئێستا چۆن چاری دەکەن هەموو برادەران کەئەوسا لەوێ بوون دەزانن من دەستم هەڵبری وتم مامە ئێمە ڕۆژانی ئاسایی سەعات 6 ی ئێواران بەرنامەکانمان دەست پێدەکات..ئەمڕۆ یەکەم ڕۆژە ڕەنگە زۆریك لەخەڵك لەبەر تەشویش ئاگای لەوە نەبووبێ کەریکلاممان کردووە بەیانیان ئیستگە دەکرێتەوە لەبەر ئەوە ئەم ئێوارەیە وەك رۆژانی ئاسایی بائیستگە بکرێتەوەو ئەو هەڵەیەش چاك دەکەین و بەیانیانیش وەك ڕیکلاممان بۆ کردووە بائیستگەلەو کاتانەدا بکرێتەوە..مام فەرمووی ئەوە چارەسەرێکی عاقڵانەیە..لەدانیشتنەکدا قسەی واکرا کەدلمان زۆر لای فەرهاد و شڤان بوو چونکە تورەبونێکی زۆریان خوارد، بەڵام سیحرو خۆشەویستی کاریزمای مام تورەبونەکەشی جێی شانازیمان بوو..ئەو لەسەر هەق بوو ..مام هەمیشە ئەزمونی ژیانی ڕێنمایی و سەرکردایەتیکردنەکەی پرحیکمەت و دەرس وپەندبوو..هەمیشە قوتابخانەبوو.



**پەخشی خۆمان کردو کارەکانمان رانەگیرا**

ئازاد چالاك، یەکێکی دیکەیە لەو کەسانەی رۆڵێکی گرنگو بەرچاوی هەبووە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە قۆناغی شاخو دواتریش لە قۆناغی شاریش ساڵانێکی زۆر لە دەنگی گەلی کوردستان کاری کردووە، ئەویش بەداری دەکات لە گێرانەوەی بەسەرهاتی شوێنگۆرکێ کردن بە بارەگای رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، لەو سەردەمەدا ئازاد چالاك ئامادەکارو پێشکەشکاری ئەو بابەتانە بووە کە بە زمانی عەرەبی لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بڵاو دەکرانەوە. ئەو دەڵێ: بەهۆی کێشەیەکی هونەرییەوە کە تووشی ئێزگە بوو نەشمان دەتوانی بێ رادیۆ بین، بۆیە پەیوەندیمان کرد بەبرادەرانی حزبی سۆسیالیست لەکاولان، وابزانم سەرکردایەتیان لەوێ بوو دوای پەیوەندی کردن رەزامەندییان نیشاندا کە لەسەر فریکوێنسیەکەی خۆیان، ئێمە پەخشی خۆمان بکەین‌و بەرنامەکانمان رانەگیرێت، بۆیە چاوەڕێی ئەوانمان دەکرد تا کارەکانیان تەواو دەکردو ئێمەش دەستمان بەکارەکانی خۆمان دەکرد، تەنها قوەتی ئێزگەکەیان وەك ئەوەی ئێمە نەبوو ئەگینا کارەکانی خۆمان کردو کەسیش هەستی پێ نەکردین.خۆشەویستی ئەوسای ئەو برادەرانە وایکردبوو کە هەست بە ماندوو بوون‌و هیلاکی نەکەین،ن ئەو کاتە ئیسراحەت بوین کە کاری باش‌و بەرنامەی باشمان دەکردو کارەکانمان دەنگدانەوەی باشی دەبوو لەناو خەڵك‌و بیستەرانی رادیۆو پەیامی شۆرشمان بە باشی دەگەیاندە خەڵك. ئەو کاتە ئێمە حەسانەوەمان لەوەدا دەبینی کە چۆن بەرنامەیەکی باشترو زیاتر هەواڵەکان چۆن باشتر بکەین. ئەو کاتە ئیستراحەت بووین کە کارمان دەکرد زیاد لەپێویستی خۆمان هەموو کارەکەی ئێمە خۆئامادەکردن بوو بۆ ئەو چەند سەعاتەی کە رادیۆ پەخشی دەکرد ئێمە جیاوازیشمان نەبوو لەناو یەکدا لەکارکردنداو هەموو برادەران وەك براو بەیەك تیم کارمان دەکرد.

**جۆرێك لەهاورێیەتی دروستبوو**

ئازاد چالاك، باس لەو چەند رۆژە دەکات کە لەگەڵ برادەرانی حزبی سوسیالیست بوون‌و چ هاورێیەتییەك لەگەڵیاندا دروست دەکەن، ئەو دەڵێت: بۆ ئەو هاوکارییەش کە برادەرانی سوسیالیست هی ئێمەیان کرد هەرچەندە شەڕ لەبەینی حزبە کوردیەکاندا هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە هاوکاریش هەبوو، پەیوەندیی باش هەبوو، بیرمە ئەو کاتە خوالێخۆشبوو مامۆستا سەعد عەبدوڵلا، لێپرسراوی راگەیاندنی حزبی سوسیالیست بوو د.مەحموود عوسمان لەوێبوو جۆرێك لەهاورێیەتی دروست بوو لەنێوان کادرانی ئێمەو ئەواندا، زۆر رێزیان لێدەگرتین، دەیانتوانی بڵێن ئێزگەکەمان تەحەمول ناکات‌و یان ناتوانین، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە بەدەممانەوە هاتن‌و جۆرێك لەدۆستایەتیش دروست بوو، من وەك بێژەری بەشی عەرەبی رۆیشتبووم .

5 رۆژ لەوێ ماینەوەو لەوێ نانمان دەخوارد هەر لەگەڵ ئەو برادەرانە رۆژمان بەسەر دەبرد، دیارە ئەو سەردەمە کارکردن بەجۆرێك بووە پڕبووە لەخۆشی‌و ناخۆشی بۆیە ئازاد چالاکیش بسەرهاتێکی خۆشی ئەو رۆژگارە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: رۆژێك نانمان دەخوارد، د. مەحمودو مامۆستا سەعدو برادەرانی ئێمەو هەموومان دانیشتبووین خواردن ئێکرابوو، برادەرێکی حزبی سوسیالیست خەریکی کارکردن بوو، سەیرمان کرد کەوچك نەهاتبوو وتیان بە یەکێك بڵێن کەوچك بێنێ لەو کاتە ئەو برادەرەی مەشغوڵی کارکردن بوو هاتە ژوورێ‌و بینی خواردن ئێکراوەو هەمووی دانیشتووە وتی بەخوا پێویستی نەدەکرد چاوەڕێی منتان کرد هاورێیەکی خۆی هەڵیدایە بە پێکەنینەوە وتی وەڵڵا کەوچکمان پێ نییە چاوەڕێی تۆمان نەکردووە.

**رۆڵی راگەیاندن لە راپەڕین دا (ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان) وەك نموونە**

ئاماژە سەرەتاییەکانی راپەڕین

دوای ئەوەی (ی.ن.ك) بڕیاریدا پاشەکشێ بکات لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی لەدۆڵی جافایەتی، لە 1988/3/19

بەو بۆنەیەوە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك) بە یاننامەیەکی دەرکردو بە درێژی باسی ئەو هێرشە زەبەلاحەی بەعسی کردوە بوو بۆ سەر پێشمەرگەو هۆکاری باشەکشێی لەو ناوچانە، ئەم بەیاننامەیە لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە خوێندرایەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە لە کۆتایی بەیاننامەکەدا، مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)، ئاماژە بەدەرکردنی سەرجەم هێزەکانی بە عس دەکات لە کوردستان داو دەڵێت: بەم بۆنەیەوە ئاگاداری جەماوەری میللەتەکەمان دەکەین ئەگەر چی دوژمن بەقیمەتێکی گران سەرکەوتنێکی بچوکی لە گرتنی ناوچەیەکی جوگرافی تەسك بەدەستهێنا، بەڵام دڵنیاتان دەکەین کە ئەم شەڕە دەستپێکی وەرچەرخانێك ئەبێ لە جەنگی (27) ساڵەی گەلی کوردو جەیشی عیراقی دا بەقازانجی گەلەکەمان و سەرەتای پاککردنەوەی یەکجاری خاکی کوردستان ئەبێ لە هێزی چەپەڵی داگیرکەری بەعسی کە رۆژی لە گۆڕنانی نزیك بۆتەوە، بۆ پێشەوە بۆ پەرەپێدانی خەبات لە پێناوی روخاندنی رژێمی بەعس و بەدەستهێنانی مافی ئازادی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

کۆتای ئەم بەیاننامەیە ئاماژەیەی روونی راپەرینی تێدایە، کە رزگاربوونە لە دەستی بەعسی فاشست و داموو دەزگاکانی و رزگاربوونی گەلی کورد، کەوابێت (ی.ن.ك) هەمیشە پلانی پێشوەختەی هەبووە بۆ رووداوەکان و ئامادەسازی بۆ کردوە. راستە ئەنفال شکستبوو، بەڵام (ی.ن.ك) شکستی گۆڕی بەسەرکەوتنی راپەڕین.
شوان کەریم کابان پێشمەرگەی دێرن و راگەیاندکاری دێرن بەپیوکەی میدیای راگەیاند:-لەشاڵاوی یەکەمی ئەنفالدا کەبەدرێژای 72 کیلۆمەتر لەجەنگدابوین بەهۆی دژواری ئەو هێرشانەی رژێمەوە بۆ سەر ناوچەکانی کوردستان دەستی پێکرد، ناوچەی جافایەتیش ئامانجی سەرەکی رژێم بوو لەبەر ئەوەی بارەگای ئێزگەی گەلی کوردستانی لێبوو کە بووە جێگەی نیگەرانی ئەوسای رژێمی بەعس، ئێزگە وەستاو پاش ئەوەی هێزەکانی رژێم دەستیان بەسەر ناوچەی دۆڵی جافایەتیدا گرتو ئێزگەبەر ئەو شاڵاوە کەوت، ئێمە یەکسەر لەهەمان کاتدا ئێزگەی دۆڵەکۆگەمان خستەکار. بەهەمان فریکۆێنسیو موزیکەوە،لەبەر ئەوە کاتێك کە رژێم بڵاوی کردبۆوە کە دەستیان گرتووە بەسەر بارەگای ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان دا، خەڵك زۆر پەرۆشی ئەوەبوون بزانن وایە یان نا، بەلایانەوە سەیربوو رژێم دەڵێت بارەگای ئێزگەمان داگیر کردووە لەو لاشەوە ئێزگە لەکاردایە، ئەو ڕاستییە بوو بەپروپاگەندە، بارەگای ئێزگە گیرابوو، بەڵام ئەو بارەگا یەدەکە، ئەو هەلەی داینێ بۆ تاکە سەعاتێکیش ئێزگە لەکار نەکەوتبۆیە بەم هەنگاوە نەمانهێشت هورەی هێزی پێشمەرگەو جەماوەربکەوێت کە پێشوتر بەعس وتی بارەگای ئیزگە گیراوە.

شوان کابان دەشڵێت :ئیزگە هەموو کات جیگەی بایەخی کۆمەڵانی خەڵك و هێزی پێشمەرگەبوو چونکە سەرچاوەی دەسکەوتنی زانیاری دروست بوو
بریاری سەرکردایەتی (ی.ن.ك) سەبارەت بە راگەیاندن

بەچەند رۆژێك بەر لەڕاپەڕین ئامادەباشی تەواو کراو لە 1991/2/17دا سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە قاسمەڕەش رێنمایی دەرکرد بۆ مەکتەبی راگەیاندنی یەکێتی بەوەستاندنی هەمو بڵاوکراوەکانی ترو پێکهێنانی کادیر بۆ رادیۆی جوڵاو و گەڕۆك لە سەر شەپۆلی (41م) پەخشبکات و، بگوازرێتەوە ناوچەی زەڵێ لە ناوچەی پشدەر، هاوکاتی پەخشی رادیۆی مەرکەزی یەکێتی کە لەشاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان لە سەر شەپۆلی (75م) پەخشی دەکرد، رادیۆ گەڕۆکەکە دەستیکرد بە بانگەوازەکانی بەهەردو زمانی کوردی و عەرەبی پاش جێگیربوونی لە (زەڵێ)، لەبەرنامەکانیدا بانگەوازی هاووڵاتیانی دەکرد بۆ راپەڕین دژی رژێمی دەسەڵاتدار، هەروەها ئەم بانگەوازانە سوپاو سوپای میللی و فەوجەکانی بەرگری نیشتمانی (جاش)و دەزگاکانی ئاسایشی دەگرتەوە.




**ئاشتبوونەوەی نیشتمانی و رۆڵی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان**

هەر لەگەڵ داگیرکردنی کوەیت-دا ، یەکێتی خۆی بێ دەنگ کرد نە پشتگیری و نە ئیدانەی کرد، بەڵکو یەکسەر دەستیکرد بەخۆ ئامادەکردن بۆ ئەگەرەکانی داگیرکردنەکە لەکاتی کشانەوەدا چی بکات؟ ئەی لەکاتی نەکشانەوەدا چی بکات لەسەر هەموو ئاستەکانی راگەیاندن پێشمەرگانەو رێکخستن پلانی داڕشت. بەهێزکردنی رەتڵی پارتیزانەکان، پەیوەندیەکان لەگەڵ ریکخستنەکانی شار، هەماهەنگی نێوان شار و پارتیزانەکان، دروستکردنی شانەی چەکدار، ئینجا زۆر زۆر گرنگە بەر لەراپەرین ئاماژە بەو پەیامە بدەین کە ناوی پەیامی ئاشتبونەوەی نیشتمانی ئەو پەیامە بانگەواز بوو بۆ گەلی کوردستان بە هاووڵاتی و پێشمەرگەو جاشەوە، داوای یەکخستنی ریزەکانیانی دەکرد لەبەرامبەر بەعسدا تا تۆڵەی 35 ساڵەی ئەو هەمو تاوانە لەبەعس بکەنەوە ئەو بانگەوازی ئاشتبوونەوەیە، لەدوای 17ی یەکەوە ئەو شەوەی لە عیراق درا لەساڵی 1991 لەئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵاوکرایەوە، لەناو شارەکان دا بەتەواوی کاریگەری لەسەر خەڵك کرد، بۆیە وەك خالید رەزا پێشمەرگەی دێرین دەڵێت: بەبروسکەو نامە داوامان لەسەرکردایەتی کرد کە ئەو پەیامە رۆژانەو بەردەوام لە رادیۆکەوە بڵاو بکەنەوە تا بەتەواوی لە ناو خەڵداو بەتایبەت لەناو جاشەکان دا بڵاوببێتەوە تا لەساتی دەستپێکی راپەڕین هاوکاری پێشمەرگەو رێخستنەکان بکەن، بۆسەرکەوتنی راپەڕین.

عەبدولڕەحمن شێخ عوسمان عەبدولعەزیز لە دوو بەڵگەنامەی گرنگ لەئامادەکاری راپەڕیندا دەڵێت: خاڵە بەهێزەکانی

بەرپاکردنی راپەڕین بەتەنیا ئەو هەلە لەبارە نەبوو، بەڵکو تەبایی نێوان سەرکردایەتی لایەنە کوردستانییەکان و پێکهاتنیان لەسەر نەخشەو پلانێکی گونجاو بۆ رێکخستنی ریزەکانی جەماوەر کە بۆ خۆیان وەك ژێلەمۆ چاوەڕێی شنەیەك بون، پەیوەندی و دانیشتنەکانی سەرکردایەتی لایەنە کوردستانییەکان داینەمۆیەکی بەهێز بوو بۆ هاوکاری جەماوەری ئامادەی راپەڕین کە یەکێك لەخاڵەکانی رێکەوتنی سەرکردایەتی لایەنە کوردستانییەکان پەیوەندی کردن بوو بەشانەی رێکخستنەکانی لایەنەکان هەریەك لەکەناڵی خۆیەوەو پاشان دابەشکردنی میحوەرو قوڵەکان بۆ دابەزینی پێشمەرگەو هاوکاری جەماوەرو دیارکردنی چۆنیەتی زەبر وەشاندن لەدوژمن و پارێزگاری لەجەماوەرو دابینکردنی ناوچەی ئازاد بۆ جێگیرکردنی تەواوی هێزەکان پەرینەوە لێی بەرەوشارەکان، هەروەها دەرکردنی لێبوردنی گشتی بۆ چەکدارە کوردستانیەکانی سەر بەدەسەڵاتی عیراق کەشایەنی باسە زۆرێك لەسەرۆك فەوجەکانی هاوکاری پێشمەرگەیان دەکردو لەدوی هەلێك دەگەڕان بۆ وەرگەڕانی لولەی تفەنگەکانیان بەرەوروی دوژمنی راستەقینەی خۆیان و گەلەکەیان.

گەورەترین بەرهەمی پێکهاتنی لایەنە کوردستانیەکان و جۆشدانی جەماوەری ئەوەبو کە هیچ شەڕو ئاژاوەیەك روی نەدا لەسەردەستکەوت و بینای حکومی و جولەو چالاکی ئەو هەموو لایەنەو جەماوەرەدا ئەوەش نیشانەی یەکێتی مەبەست و ئامانجە کە دەکرێت ئەوجۆرە بەرژوەندیانە بکرێنە خاڵی هاوبەش و پاشماوەی کاروانەکەی پێ تەواو بکرێت.

کەوا بێت لێبوردنە گشتییەکەی بەر لە راپەڕین و خوێندنەوەی بەردەوامی لە ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە رۆڵی گەورەو گرنگی گێرا.

بروسکەی (لەزمناکۆوە بۆ ئازاد 1760، برادەران ئاگادار بکەرەوە 7مانگ زەماوەند بکەن) چۆن نوسراو کێ نوسی و مەبەست لەچی بووە؟

خالید رەزا پێشمەرگەی دێرین، خاوەنی بیرۆکەی جفرەی (لەزمناکۆوە بۆ ئازاد.... برادەران ئاگادار بکە 7ی مانگ زەماوەند بکەن) کە هاوکات سەرپەرشتیاری شانە چەکدارەکانی شاڵاو بوو لە ناو شاری سلێمانی، بەشێك لە نهێنی نەخشەی راپەڕین باس دەکات، بە **PUKmedia**ی راگەیاند: کاتێك سەدام و بەعس لە 2 ئابی 1990دا، وڵاتی کوەیتی داگیرکرد، بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە قاسمە رەش بوو. لەگەڵ بڵاوبونەوەی هەواڵەکە، سەر لەبەیانی هەمان رۆژ کاك نەوشیروان ئەو نەخشە سەربازیانەی کە لەکاتی ئەنفالەکاندا گیرابوو، لەژورەکەی خۆی دانابوو، سەیری دەکردن، وەك بڵێی ئەمە دەرفەتە زێرینەکەی کوردەو، دەبێت کارێك بکەین .

خالید رەزا دەشڵێت:داگیرکردنی کوەیت سەرەتای نەخشە رێژی بوو بۆ راپەڕینە مەزنەکەو لە قاسمە رەشەوە رەنگ رێژ دەکرا، پێش روداوی داگیرکردنی کوەیت و، دوای ئەنفالەکان دیسان لە قاسمە رەشەوە، لەلای سکرتێری کۆمەڵەوە، پایە ستراتیژییەکانی خەبات دارێژرانەوە. ئێرە شوێنی رونکردنەوەی وردەکارییەکان نیە، ئەگینا هێندە دۆکیۆمێنتم لەبەردەستە کە بەشی نامیلکەیەکی قەبارە گەورە دەکات، هەروەها دەڵێت: بەندە نوسەری ئەم چەند دێرەم لەسەر داوای رێکخراوی سلێمانی و، بە بریاری سکرتێرو ناوەندی کۆمەڵە، لە گەرمەی ئەم روداوانەدا، دەبوو بگەمە سلێمانی. رۆژێك کاك نەوشیروان، شەهید غەریب هەڵەدنی بانگ کرد بۆ سەرکردایەتی، داوای لێکرد، منیش لەگەڵ خۆیان بەرن بۆ رەتڵی سورداش و، لەوێوە چاوساغیم بکەن تا دەگەمەوە ناو شار، هەر ئەوڕۆژە شەهید غەریب هەڵەدنی هات و پێیوتم کە لەم هەفتەیەدا خۆت ئامادە بکە، کە هاتمەوە بەشوێنتدا یەکسەر دەڕۆین، رۆژی 21-9-1990 شەهید غەریب هەڵەدنی و کاك عوسمان گێچینەیی هاتن و، وتیان بایڕۆین... لەوێ خوا حافیزیم لەهاوڕێکانم کرد، بەڵام پێم نەوتن کە دەچمەوە بۆ ناوشار

وتم دەچم بۆ رەتڵی سورداش... یادی بەخێر کاك غەریب سەعید بەپێکەنینەوە پێی وتم، ئاگات لەخۆت بێت لوغمێکت پیا نەتەقێتەوە، مەگەر لەو چۆڵەوانیەدا قاچی (بزن)ێکت بۆ دابنێین".

ئەوەشی وت: گەیشتینە شوێنی مانەوەی پارتیزانەکانی چیای پیرەمەگرون، شەهید غەریب هەڵەدنی چەند فیشەکێکی تەقاند، وتی ئێستا برادەران دێن بەپیرمانەوە، ئەوە بوو کاك ئاکۆ سوورو، کاك خالیدی کاروباری کۆمەڵایەتی و برادەرێکی تر هاتن، کە پێکگەیشتین. ماوەیەك لەگەڵیاندا بوم هەتا، پەیوەندییەکانم لەگەڵ رێکخراوی سلێمانی دروستکرد.

سەرپەرشتیاری شانە چەکدارەکانی شالاو، باس لەگەڕانەوەی بۆ سلێمانی دەکات و دەڵێت: شەوی 5 لەسەر 6 ی مانگی 10ی ساڵی 1990، شەهید غەریب هەڵەدنی و، هاوڕێ ئاکۆ سوور کەرکوکی گەیاندمیانە ناو ئۆردوگای پیرەمەگرون بۆ ماڵی هاوڕێی کۆمەڵە مام رەسوڵ، ئەوان گەڕانەوە بۆ پیرەمەگرون، منیش بەچاوساغی مام رەسوڵی تیکۆشەر بەجێبێك بەرەو سلێمانی بەڕێکەوتم. گەیشتمە سلێمانی دنیا روناك بوو، بۆیە بەناچاری چوم بۆماڵی پورم بۆ ئەوەی کاك ئاکۆ محەمەد وەهبی ببینم. لەدەرگامدا ماڵی پورم وتیان ئەوە چۆنە هاتویتەوە، منیش بۆ ئەوەی ئاساییان بکەمەوە، وتم مەفرەزەیەکین هاتوینەتە ناوشار، رۆژمان لێ بۆتەوەو، نەماتوانی دەرچین بۆیە چەکەکانمان شاردۆتەوەو، ئەم شەو یەك دەگرینەوەو، دەگەڕێینەوە. من دەم ویست کاك ئاکۆ ببینم، چونکە کاك ئاکۆ لەدوای گرتنی هاوڕێ جەباری حاجی رەشیدو هاوڕێکانی، ئەم سەرپەرشتی رێکخراوی سلێمانی و کوردستانی دەکرد، وتیان ئاکۆ لەماڵەوە ناخەوێ لە خۆی دەترسێ، بەناچاری تا ئێوارە لەماڵی پورم واتە ماڵی باوکی کاك ئاکۆ وەهبی چاوەڕێم کرد، تا شەوهات و، پێکەوە رۆشتین و، بردمی تەسلیمی هاوڕێ موردای کردم لەماڵی خۆیان، بەندە بۆ ماوەی نزیکەی شەش مانگ بەئیختفا لەناوشار مامەوەو، لەگەڵ هاوڕێکانم لە رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەو، بەهەماهەنگی لەگەڵ رەتڵی پارتیزانەکان، ئامادەکاریمان بۆ راپەڕین کرد، شەرەفی راپەراندن و سەرپەرشتیکردنی شانە چەکدارەکانی شالاو، رێکخستم پێسپێردرا.

سەبارەت بەو بروسکەیەی کە دەڵێت بروسکەی لە زمناکۆوە بۆ ئازاد 1760، برادەران ئاگاداربکەرەوە 7 مانگ زەماوەند بکەن، خالید رەزا وتی: ئەوە لە ماڵی کاك حەمە نوری مام ئەحمەد ناسراو بەهاوڕێ موراد ئەندامی رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵە لەگەڕەکی دور ئەمنی ئەوکات و ئاشتی نوسیم، مەبەست لە شەخسێکی دیرایکراو نیە، بەڵکە وەك رەمزێك بوو بۆ دیاریکردنی رۆژەکە کە پێش ئەوە لەماوەی ئەو 6 مانگەدا نزیك بە 100 تعمیم (پەخشنامە) بۆ رێکخستنەکان و شانە چەکدارەکان نوسیبوو، لەهەموو یاندا سەرنجمان بۆ ئەوە راکێشابون، کە دەبێ بەردەوام متابەعەی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بکەن بۆ فەرمان وەرگرتن، ئێمەش لەڕێی هەردوو رەتڵی پارتیزانەکانی گەرمیان کە ئەوکات شەهید حەمەرەش بەرپرسیان بوو، لەگەڵ رەتڵی سورداش کە شەهید غەریب هەڵەدنی فەرماندەی رەتڵ بوو، پەیوەندی بەردەوامان هەم بە ناوەندی کۆمەڵە بەتایبەت کاك نەوشیروان مستەفاو رادیۆوە هەبوو بروسکەو بانگەوازەکانمان بۆ رادیۆ دەنارد.

خالید رەزا پێشمەرگەی دێرین راشیگەیاند:-بەتەنها یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە دەمە دەمی راپەریندا رادیۆی هەبوو، رادیۆیەکی جێگیر لەسەر شەپۆلی 75 لەسەقز ئەوتریان گەرۆك بو لەلای کاك نەوشیروان بو لە زەلێ و قاسمەرەش.

لەرۆژی هاتنە ناوشار هەتا 1991/3/7 رۆژی راپەڕینی سلێمانی، لەماڵی هاوڕێی هەمیشە لەیادو جوانەمەرگ کاك حەمە نوری مام ئەحمەد (هاوری موراد) لەگەڕەکی (دور الامن) مامەوە ، کە هاوڕێ موراد ئەندامی رێکخراوی سلێمانی کۆمەڵەو، سەرپەرشتیاری سوپای رزگاری کوردستان (سرك) بوو.

**ئێزگەی گەلی کوردستان و بەستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە پێکەوە؟**

دەنگی گەلی کوردستان رۆڵی گرنگی بینی لەبەیەك گەیشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاگادارکردنەوەیان لەیەکتری، چونکە ئەو سەردەم هێزی پێشمەرگە جیهازی بێ سیمی کەم بوو، هەروەها رۆڵی باشی گێرا بۆ شانە چەکدارەکانی ناوشارو ئاگادار کردنەوەیان لەراسپاردەکانی سەرکردایەتی، پاشان رۆڵی زۆر کاریگەری بینی لەجۆشدانی جەماوەر بۆ راپەڕین، چونکە کەناوچەیەك ئازاد دەکرا یەك سەرو راستەوخۆ هەوڵەکەی دەگەیاندە جەماوەرو، بەمەش خەڵکی هاندەدا بۆ راپەڕین لەناوچەیەکی تر. لەهەمانکاتدا چەند ساڵێك دوای ئەنفالەکانی ساڵی 1988 یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. خاوەنی چەندین. مەفرەزەی پارتیزان. بوو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. ئیتر لێرەوە ئێزگە ئەو مەفرەزانەی بەڕێنمای سەرکردایەتی راپەڕین. ئاڕاستە دەکرد بۆ ناوچەکان و بەدەمەوە چوونی هاووڵاتیانی راپەڕیو و یەکگرتنەوەیان لە شوێنی دیاری کراودا.

**رۆڵی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لەڕاپەڕیندا؟**

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان جگە لەهەواڵی شۆڕش و چالاکیو هەڵمەتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر رژێم و بەرنامەکانی خەباتی شاخ و بانگەوازو ئاگاداری و گەیاندنی پەیام و لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، لەمێژووی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوو رۆڵو کاریگەرییەکی بەهێزی هەبووە. لەڕاپەڕینی ئازاری ساڵی (1991)ی گەلەکەماندا، دەوری بەرچاوو شیاوی خۆی گێرا. بەهۆی بروسکەو هەواڵی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان،کە ببوە تاکە سەکۆو بڵندگۆی راپەڕینو حەماس و ورەی جەماوەرو پەلاماری هێزی پێشمەرگە بۆ سەر دامودەزگاکانی رژێمی بەعس، هەربۆیە خۆشەویستی رادیۆکە چووە دڵی جەماوەری راپەڕیوی کوردستانەوە. بەبەردەوام. جەماوەر پەیوەندیەکی رۆحی لەگەڵ ئێزگەدا پەیداکردبوو بۆیە بەردەوام گوێبیستی سەرکەوتنەکانی ناوچە جیاجیاکان دەبوون، وەك دەوتری خەڵك هەبوو دەیوت بابزانین. کەی سەرەی لای ئێمەیە تاوەکو دەست پێبکەین، شانبەشانی پێشمەرگە ئیتر ئێزگە بۆ میوانی بەردەوامی ماڵی شۆڕش دۆست و ئازادی ویستەکان.

**فراوانبوونی کاتی پەخش ئێزگەی گەلی کوردستان لەڕاپەڕین**

ئێزگە لەسەر هەردوو شەپۆلی (75) میترو (41) میتری، لەشاری (سەقز)و (زەڵێ)وە پەخش دەکرا، لەڕۆژانی راپەڕیندا بۆ ماوەی (17) سەعات کاریان دەکرد، بەمشێوەیە، سەعات (7)ی بەیانی تا (10)ی بەیانی شەپۆلی (75) مەتری سەقز. سەعات (10)ی بەیانی تا (1)ی پاش نیوەڕۆ شەپۆلی (41) مەتری زەڵێ. سەعات (1)ی پاش نیوەڕۆ تا (3)ی عەسر شەپۆلی (75) مەتری سەقز. سەعات (3)ی عەسر تا (7)ی ئێوارە شەپۆلی (41) مەتری زەڵێ. سەعات (7)ی ئێوارە تا (12)ی شەو شەپۆلی (75) مەتری سەقز. ئەمەش زیاتر رۆڵ و بایەخی ئێزگەی گەلی کوردستان دەردەخات لەڕۆژانی راپەڕیندا.




**ئێزگەی گەلی کوردستان و بەستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە پێکەوە؟**

دەنگی گەلی کوردستان ڕۆڵی گرنگی بینی لەبەیەك گەیشتنەوەی هێزەکانی پێشمەرگەو ئاگادارکردنەوەیان لەیەکتری، چونکە ئەو سەردەم هێزی پێشمەرگە جیهازی بێ سیمی کەم بوو، هەروەها ڕۆڵی باشی گێڕا بۆ شانە چەکدارەکانی ناوشارو ئاگادار کردنەوەیان لەڕاسپاردەکانی سەرکردایەتی، پاشان ڕۆڵی زۆر کاریگەری بینی لەجۆشدانی جەماوەر بۆ راپەڕین، چونکە کەناوچەیەك ئازاد دەکرا یەك سەرو ڕاستەوخۆ هەوڵەکەی دەگەیاندە جەماوەرو، بەمەش خەڵکی هاندەدا بۆ راپەڕین لەناوچەیەکی تر. لەهەمانکاتدا چەند ساڵێك دوای ئەنفالەکانی ساڵی 1988 یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. خاوەنی چەندین. مەفرەزەی پارتیزان. بوو لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان. ئیتر لێرەوە ئێزگە ئەو مەفرەزانەی بەڕێنمای سەرکردایەتی راپەڕین. ئاڕاستە دەکرد بۆ ناوچەکان و بەدەمەوە چوونی هاووڵاتیانی راپەڕیو و یەکگرتنەوەیان لە شوێنی دیاری کراودا.

**ڕۆڵی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لەڕاپەڕیندا؟**

ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان جگە لەهەواڵی شۆڕش و چالاکیو هەڵمەتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ سەر ڕژێم و بەرنامەکانی خەباتی شاخ و بانگەوازو ئاگاداری و گەیاندنی پەیام و لەهۆشیارکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، لەمێژووی خۆیدا خزمەتێکی بەرچاوو ڕۆڵو کاریگەرییەکی بەهێزی هەبووە. لەڕاپەڕینی ئازاری ساڵی

(1991)ی گەلەکەماندا، دەوری بەرچاوو شیاوی خۆی گێرا. بەهۆی بروسکەو هەواڵی رزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان،کە ببوە تاکە سەکۆو بڵندگۆی راپەڕینو حەماس و ورەی جەماوەرو پەلاماری هێزی پێشمەرگە بۆ سەر دامودەزگاکانی رژێمی بەعس، هەربۆیە خۆشەویستی رادیۆکە چووە دڵی جەماوەری راپەڕیوی کوردستانەوە. بەبەردەوام. جەماوەر پەیوەندیەکی رۆحی لەگەڵ ئێزگەدا پەیداکردبوو بۆیە بەردەوام گوێبیستی سەرکەوتنەکانی ناوچە جیاجیاکان دەبوون، وەك دەوتری خەڵك هەبوو دەیوت بابزانین. کەی سەرەی لای ئێمەیە تاوەکو دەست پێبکەین، شانبەشانی پێشمەرگە ئیتر ئێزگە بۆ میوانی بەردەوامی ماڵی شۆرش دۆست و ئازادی ویستەکان.

**فراوانبوونی کاتی پەخش ئێزگەی گەلی کوردستان لەڕاپەڕین**

ئێزگە لەسەر هەردوو شەپۆلی (75) میترو (41) میتری، لەشاری (سەقز)و (زەڵێ)وە پەخش دەکرا، لەڕۆژانی راپەڕیندا بۆ ماوەی (17) سەعات کاریان دەکرد، بەمشێوەیە، سەعات (7)ی بەیانی تا (10)ی بەیانی شەپۆلی (75) مەتری سەقز. سەعات (10)ی بەیانی تا (1)ی پاش نیوەڕۆ شەپۆلی (41) مەتری زەڵێ. سەعات (1)ی پاش نیوەڕۆ تا (3)ی عەسر شەپۆلی (75) مەتری سەقز. سەعات (3)ی عەسر تا (7)ی ئێوارە شەپۆلی (41) مەتری زەڵێ. سەعات (7)ی ئێوارە تا (12)ی شەو شەپۆلی (75) مەتری سەقز. ئەمەش زیاتر رۆڵ و بایەخی ئێزگەی گەلی کوردستان دەردەخات لەڕۆژانی راپەڕیندا.










**ئیزگەو جۆشدانەوەی خەبات**

"لەدوای ئەنفالەکان. سەرکردایەتی (ی.ن.ك) نەیهێشت دەزگای راگەیاندن لە کار بکەوێت، رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بوە سەرچاوەی گەیاندنی راستیو هەواڵ و سازدانو رێکخستنی کۆمەڵانی خەڵك و شەرارەی عەرەبی و رێبازی نوێی کوردی مانگانە بڵاو دەکرانەوە. بەڵام وەك لەسەرەوە ئاماژەم. پێکرد بەچەند رۆژێك بەر لەڕاپەڕین راگەیاندن. وەستاو هەموو تواناکان. درا بەئێزگەکە، بەڵام ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان توانی سەرجەم رێنماییەکانی راپەڕین و سەرکردایەتییەکەی بگەیەنێتە ئەم، هێزانە، 12 بەتالیۆنی نیمچە نیزامی لە سەر سنورەکان، 520 پارتیزان لەسەرانسەری کوردستان، 120 کادری (سرك) لەناو شارو ئۆردوگاکاندا، 7000 کەس لە ریزی شانە چەکدارەکانی شاڵاو و بروسکدا، چەند هەزار کەس هێزی پشتگیری لەناو ئاوارەکانی ئێراندا.

لەهەر چوار مەیدانەکەدا بەسەرکەوتویی ئەرکەکانی (ستراتیجی قۆناغی نوێی کار) بەجێهێنراو، لە رۆژانی جەنگی دووەمی کەنداودا، (شکستی ئەنفال) بەهاوکاری جەماوەری گەلی کوردستان و هێزی پێشمەرگەو رۆڵی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان گۆرا بەسەرکەوتنی راپەڕین.

چەند هۆکارێکی دەرەکی و ناوەکی هەبوون، بۆ ئەوەی کەئەم رادیۆیە وەکو وتەبێژێکی رەسمی دەرکەوێت لە راپەڕین دا د.پشکۆ حەمە تاهیر ئاغجەلەری پرۆفیسۆری یاریدەر لەبەشی مێژووی زانکۆی سلێمانی لەسەر رۆڵی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە راپەڕیندا دەڵێت :رادیۆی گەلی کوردستان کە رادیۆی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بوو، رۆڵێکی دیاری هەبوو لە هەڵگیرسانی چەخماخەی راپەڕین لەباشووری کوردستان بەگشتی ئەمەش بە پەخشکردنی بەیاننامەو بانگەوازو زانیارییەکانی بۆ رۆڵەکانی کوردستان، کە لەگەڵ رزگارکردنی هەموو شارو شارۆچکەیەك دانیشتوانەکەی هان دەدا بۆ رزگارکردنی ناوچەیەکی تر. هەر لەپێش راپەڕیندا ئەم رادیۆیە، هەستابوو بە ئامادەکردنی و ئامادەبوونی کادرە شارەزاکانی بەشی راگەیاندن بەگشتی و تێکۆشەرەکانی (دەنگی گەلی کوردستان) بەتایبەتی گوێزرانەوەی ئامێرەکان و دەستکردن بەپەراوەو راهێنان و خۆ راهێنان لە چۆنیەتی پەخشکردنی راستەوخۆ لەگەڵ رووداوەکان، لەلایەن هەریەکە لە بێژەرەکان، ئەوانەی ئەرکی ئامادەکردن و بەردەوامبوونی بەرنامەکانی لە ئەستۆدایە.

بۆیە کاتێك راپەڕین دەستیپێکردوو بەماوەیەك پێش ئەوە، رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان سەرکەوتووترین رۆڵی بینی، بەڵام چەند هۆکارێکی دەرەکی و ناوەکی هەبوون، بۆ ئەوەی کە ئەم رادیۆیە وەکو وتەبێژێکی رەسمی دەرکەوێت لەناو گشت رادیۆیەکانی دیکەی ئۆپۆزسیۆنەکان بەگشتی و بەرەی کوردستانی، بەتایبەتی لەوانی تر:

ا- هۆکارە دەرەکییەکان: لە گرنگترین ئەو هۆکارە دەرکیانەی کە وایکردبوو ئەم رادیۆیە رۆڵی سەرەکی هەبێت، ئەمانەن :

1- گەلی کورد تینوی ئەوەبوو کە گوێ لەم دەنگە بگرێ، چونکە دەنگی شۆرشگێرانی کوردستان و پێشمەرگە بوو بەمانا رەسەنەکەی، کە ئەم دەنگە بوو.

2- پێشوازی خەڵك بۆ بەدواداچونی بەرنامەکانی رادیۆ بۆ گوێگرتن لەبەرنامەکان، لەبەر ئەوەی ئارەزوویان هەبوو لە چاودێریکردنی رووداو و پێشهاتەکان، پاش ئەو رووخانەی رژێمی بەعسی عیراق، لەلایەکی دیکەوە پچراندنی وزەی کارەباو نەمانی پەخشی تەلەفزیۆنی، یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە خەڵکی زیاتر گرنگیان بەم رادیۆیەو موتابەعەی بەرنامەکانیان دەکرد نەك لە کوردستان، بگرە لە زۆربەی ناوچەکانی عیراق کە پەخشەکەی پێدەگەیشت.

3- نەبوونی باوەڕ بەرادیۆی عیراق بەگشتی، بەوەی کە وای بڵاودەکردەوە کە گوایە عێاق لەو شەڕەیدا سەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانی بەدەست هێناوە کە بەداستانی (ام المعارك) ناوی دەبرد.

4- بەهۆی ئاشکرای شوێنی پەخشەکەی لەسەر میلی رادیۆ، بێهێزی ئامێرەکانی تەشویشی بەعس.

5- لاوازی رادیۆییەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی لەو کاتەدا، چونکە رادیۆی (پ.د.ك) کەناوی (ڕادیۆی دەنگی کوردستانی عێراق )بوو، بەزمانی بادینی بوو، خەڵکانێکی زۆر لێی نەدەگەیشتن، ڕادیۆی سۆشیالیست لای (P.K.K) بوو، ئەمە وایکرد کە زیاتر گرنگی بە ڕادیۆی( دەنگی گەلی کوردستان)بدرێت.

ب- هۆکارە ناوەکییەکان : لە گرنگترین ئەم هۆکارانە ئەمانەن:

1- رادیۆ زۆربەی راستییەکانی بەبێ زیادەڕۆیی و بەبێ کەموکوری بەگوێگران دەگایاند.
2- پەخشکردنی سروودە وروژێنەرەکان کە دەبووە هۆی بەرزکردنەوەی گیانی شۆرشگێری و ورەی جەماوەر، ئەمە سەرەڕای هۆنراوەی وروژێنەر.

3- زۆربەی بانگەوازەکانی رادیۆ ئاڕاستەی گەلی عیراق بەگشتی و گەلی کوردستان بەتایبەتی دەکرد، بانگەوازەکانی تایبەت نەبوون بەکورد، بەڵکو ئاڕاستەی گەلی عەرەب و تورکمان و ئاشووری دەکران بەبێ جیاوازی.

4- خوێندنەوەی بەیان و بانگەوازەکان بەشێوەی حەماسی و عاتیفی کە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر گوێگرەکان، کە بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکی پەخش دەکران.
5- گەڕۆکی ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان واتە شوێنێکی جێگیری نەبوو لە پێشدا لە( زەڵێ) بوو، دواتر لە(ڕانیە)، دواتر هاتە سلێمانی، ئەمەش یەکێك بوو لە هۆکانی سەرکەوتنی. بۆ نموونە دوای رزگارکردنی زۆربەی شارەکانی کوردستان، بەتایبەتی شارەکانی نزیك کەرکووك (چەمچەماڵ، دووزخورکاتوو، قەرە هەنجیر.... .. تاد)، نزیکبوونەوەی هەڵهاتنی خۆری ئازادی لە کەرکووك، رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان، رۆڵێکی کاریگەری هەبوو، لەجۆشدانی خەڵك و هێزی پێشمەرگە بۆ رزگارکردنی کەرکووك. ئەمەش لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی بانگەوازو وتارە حەماسییەکانی بەوەی کە (کەرکووك کوردستانە، کەرکووك قودسی کوردستانە)، ئەمە یەکێکە لە دروشمەکانی رادیۆ بۆ رزگارکردنی کەرکووك (بابا کر کر، لهبك یرتفع مع الانتفاچە استمر و ڕرفع لهبك فی الافاق- سوف تشرق الشمس لن یکون هناك مغیب- ونبڕ ێباحاً مچیئاً –والی الابد). بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە رادیۆی (دەنگی گەلی کوردستان) دەورێکی سەرەکی لە راپەڕینی ئازاری 1991دا بینیوە.

لێرەوە دەتوانرێت بوترێت رادیۆیی دەنگی گەلی کوردستان بەر لە راپەڕین و لەگەڵ راپەڕین رۆڵێکی دیاری هەبووە لە رووداوەکانی باشووری کوردستان.
سەبارەت بە ڕۆڵی ئیزگە لە راپەڕیندا هەڤاڵ مەلا بەختیارلێپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی ی ن ك وەك یەکەمین بێژەری ئیزگە دەڵێت
بۆ راپەڕینیش، ئێزگە رۆڵێکی گەورەی لەراپەڕینەکەدا هەبوو. لەرۆژگاری ئەنفالدا رۆڵێکی گەورەی هەبوو. پارتیزانەکان، ئەگەر ئێزگە نەبوایەو ئەوجفرانەی کە لێیدەدا، بۆ ئەوەی پارتیزانەکان ئاگایان لەدۆخەکە بوایە، ئەگەر نەبوایە، زۆر زەحمەت بوو پارتیزانەکان بتوانن، ئەو هەناسە سیاسیی‌و ئەو هەناسە رێنوێنییە بدەن، کە لەسەرکردایەتی‌و مەکتەبی عەسکەرییەوە بۆیان دەکرا.

سەبارەت بەراپەڕینیش ئاشکرایە، کە راپەڕین پرسێکی گرنگە. چونکە خاڵی وەرچەرخان لەمێژووی سیاسیو نەتەوەکەماندا، دەتوانم بڵێم لەهەموو بەشەکانی کوردستانو لەعیراقو ناوچەکەشدا، دەتوانم بڵێم راپەڕینە. کە راپەڕین بوو، عیراق کوەیتی داگیرکرد، ئاسان نەبوو بتوانیت ئەم ستراتیجە بگۆریت. ستراتیجی خەباتی چەکداری کە ببوو بەنەریت. خەباتی چەکداری بوو بەستراتیجو ببوو بەیاسای نەگۆری سەرکەوتنی گەلەکەمان. کاتێك ئەم ستراتیجو نەریتە دەگۆری، بێگومان سیستەمێك لەبیرکردنەوە، سیستەمێك لەگۆرانکاری ئایدۆلۆجی دەوێت، بۆ ئەوەی بتوانرێت ئەم گۆرانکارییە بکەیت. بۆ گۆرانکاریش لەو بارەیەوە، ئێزگە رۆڵێکی جوانی بینیی، هەروەك لەوشیارکردنەوەی خەڵکیشدا.

**دەنگی گەلی کوردستان دوای راپەڕین**

دوای سەرکەوتنی راپەڕینیش، هەردوو شەپۆلەکە یەکیانگرتەوەو لەگەڵاڵەی ناوچەی باڵەکایەتی، لەکوردستانێکی ئازاددا دامەزرا.

دواتر لەمانگی 11ی ساڵی 1992دا گواسترایەوە بۆ چوارتا. ئێستاش لەشاری سلێمانی بۆ ماوەی (24) سەعات، بەسیستمی دیجیتاڵو بەڕێگای تۆرەکانی ئەلیکترۆنیو سەتەلایتی ئاسمانی، پەخشی ناوخۆو هەموو جیهان دەکاتو بەدرێژای (41) ساڵ بێ دایرانو وەستان، خزمەتی بواری راگەیاندنی کوردی کردووە.




ئەنوەر حسێن بازگربەرێوبەری ئێستای دەنگی گەلی کوردستان لەسەر ئیشوکارەکانی ئێستای ئێزگە بە پیوکەی میدیای راگەیاند:-رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان وەك هەمیشە ،رادیۆی هەمووخەڵکی کوردستانەبێ جیاوازی ،راستە سیاسەتی ی ن ك جێ بەجێ دەکات ،بەڵام جێگای بیروبۆچونە جیاوازەکانیشی تێدابۆتەوە کەهەندێکیان پێچەوانەی (ی ن ك )شەنیشە،بەڵام ئێمە لەپروابوونمان بەئازادی ودیموکراسی هەمیشە دەرگای رادیۆکەمان ئاوەڵایە وهەمووحیزب ولایەنە سیاسیەکانی کوردستان وزۆربەی ئایدۆلۆجیاجیاکان بونیان هەیەلەناو کارەکانی ئێمەداو گفتوگۆیان لەسەردەکرێت.

ئەنوەرحسێن:سەبارەت بە پەخش وبەرنامەکانی رادیۆ دەڵێت:پەخشمان لە هەر چوارپارچەی کوردستان هەیە، نزیکەی 16کاتژمێرپەخشی راستەوخۆو 8کاتژمێریش دوبارەبوونەوەیە،گرنگی تەواومان داوە بەمیوزیك و گۆرانی رەسەنی کوردی ،هاوکات لەگەڵ ساڵیادی دامەزراندنی ئیزگە ،کەڕۆژی 3/18بووورادیۆیەکی ترمان دانا بەناوی رادیوی دەنگی گەلی کوردستان میوزیك کە فریکۆنسی جیاوازە لەوەی دەنگی گەلی کوردستانی دایك .

ئەنوەرحسێن بەڕێوبەری رادیۆ دەشڵێت نزیك بە 20 بەرنامەی جۆراوجۆرمان هەیە کەخۆی لەمانەدەبنێتەوە (بەرنامەی بەیانی باش و ئیوارەباش ،4بەرنامەی سیاسی جۆراوجۆر 4،بەرنامەی کۆمەڵایەتی جیاواز،بەرنامەی ژنان ،3ێبەرنامەی هونەری جۆراوجۆر ،بەرنامەی تایبەت بەکۆمەڵگا،بەرنامەی فکری لەگەڵ چەند بەرنامەیەکی تر )ئەمە جگە لەوەی پەخشی راستەوخۆمان دەبێت لەوکاتانەی کە پێویست بکات ،یاخود گواستنەوەی راستەوخۆی ڕوداوێکی گرنگ ئەمە جگە لەگرنگی دانی تەواو بەهەواڵ .

ئەنوەرحسێن راشیگەیاند:-هەمیشە دەنگی گەلی کوردستان دەنگی شۆرشی شاخ و داینەمۆی راپەڕین و خەباتی دیموکراسی و مەدەنی بوە ،هەموان بێ جیاوازی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان بەهی خۆیان دەزانن .

ئەنوەرحسێن سەبارەت بەبەرنامەی نوێیان بۆ رادیۆ دەلێت :بەرنامە باش و نوێمان بۆدوای ساڵیادی دامەزراندن داناوە لە پێناو پێشخستنی زیاتری رادیۆوجێ بەجێ کردنی بەرنامەکانی (ی ن ك) .




**سەرچاوەکان**

1-وتاری ملابەختیار لیپرسراوی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسی ی ن ك بەبۆنەی 37ساڵەی دامەزراندنی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ساڵی 2016

2-ووتاروبروسکەی پیرۆزبای عادل موراد لێپرسراوی ئەنجومەنی ناوەندی ی ن ك به بۆنەی 37 ساڵەی دامەزراندنی ئیزگەوە 2016.

3-وتەی بەرێز تەعلەت گلی بەبۆنەی یادی 37ساڵەی دامەزراندنی ئیزگەوە 2016

4-رابەر چۆمانی :-لەیادی (36) ساڵەی دامەزراندنی دالاپەڕەیەك لەمێژووی دەنگی گەلی کوردستان 2015/3/19، کوردستانی نوێ

5-تارق کەمال: نهێنی نەوەستانی پەخشی رادیۆی دەنگی گەلی کورسستان ئاشکرا دەکرێت ، 2016/7/16، کوردستانی نوێ

6-خەلیل عەبدوڵلا :-دەنگی شۆرشی نوێ، 2016/3/17 ،سایتی خاك

7-- کاوان ئەحمەد حمە ساڵح هەڵەبجەی رۆڵی راگەیاندن له راپەڕین دا (ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان) وەك نموونە. PUKmedia، 4/3/2017

8-دیدارێك له گەڵ خالید رەزا پێشمەرگەی دێرین لەڕێگەی تۆری کۆمەڵایەتی فەیسبووك و وەرگرتنی چەندین زانیاری جۆراوجۆری بەر لەراپەڕین و رۆژی راپەڕین و چۆنییەتی نوسینی بروسکەکان بۆ دەنگی گەلی کوردستان و رێکخستنی ناوشار.

9--پرۆفسیۆری یاریدەدەر د.پشکۆ حمەتاهیر ئاغجەلەری :-راپەڕینی کەرکوك سالی 1991،کتێب، ل62-63-64-65-66،سلێمانی 2003،

10--رەهبەر سەید براهیم :-رۆژنامەوانی له کورەدا،ل 94-95-96-97-98-99،سلێمانی 2009

11-دیدارێك لەگەڵ بەرێز مامۆستا بارزان شێخ عوسمان بەرێوبەری پێشوی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان وپێشمەرگە و راگەیاندن کاری دێرین

12--دیدارێك لەگەڵ بەرێز شوان کەریم کابان پێشمەرگەو راگەیاندنکاری دێرین سەبارەت بە رۆڵی ئیزگە لە قۆناغە جیاوازەکان دا




13-ژووان ئەحمەد: کۆمەڵێك زانیاری لە سەر ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە راپەڕی داو پێدانی کۆمەڵێك ئەرشیفی راپەرین .

14عادل عەلی :سەربوردەی ئومێدو خۆراگری:بێستون سابوراوای ،یاری مەرگ و ژیان لەناو رێکخستنە نهێنییەکاندا،ل 70، ئەکادیمیای هۆشیاری وپێگەیاندنی کادیران ،سلێمانی 2016

15- شەهاب عوسمان :-وەرگرتنی بابەتێك لەفەیسبوکەکەی سەبارەت لەژێرناوی جەژنتان پیرۆزگۆبەنگەکەی فەرهاد سەنگاوی و شڤان ئاکرەیی وایکرد. لەجەژنی ڕەمەزاندا..مام جەلال پێمان بڵێ قوربان جەژنی قوربانتان پیرۆزبێت!!

12عبدالرحمن شیخ عسمان عبدالعزیز:- دوبەڵگەنامەی گرنگ لەئامادەکاری راپەڕیندا، سایتی مێژووی کورد



**PUKmedia ئامادەکردنی: کاوان ئەحمەد حمە ساڵح هەڵەبجەی**

